

Scanned with CamScanner

238 posts

19.2k followers

7 following

Promote

Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Scanned with CamScanner

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆخودای مەزن ،درووەو سلاو لەسەر پێغەمبەری خوداو هاوەلانی .

چەندین کتێبم لەم کتێبەدا ،پوخت کردۆتەوە ،بۆئەوەی ئاسان بێت و بەردەوام داوا لە خۆت بکەی بۆجێ بە جێ کردنی، لەسەر چەند بنچینەیەك دامڕشتوە ،ناوم لێنا (بۆ ئەوەی بەختەوەرترین کەس بیت) زۆربەم لەکتێبی (دڵتەنگ مەبە)، هەروەها لەدەیان کتێبی، ئەوانەی باسی کامەرانی دەکەن وەرگرتوە .داواکارم لەخودای پەروەردگار بۆخۆم و بۆ تۆ ،لەدنیاو لەقیامەت دڵشادو کامەرانمان بکات بەردەوام لەکارەکانمان سەرکەوتووبین لەگەڵ رێزم .

عائیز ئەلقەرەنی

١٤٢١/٢/٤ ك

Scanned with CamScanner

بۆ ئەوەی بەختەوەرترین کەس بیت

- باوەڕ ،خەم و خەفەت لادەبا ، ڕووناکی چاوو سێبووری خواپەرستانە.
- ئەوەی ڕۆیی ،بیری لێ مەکەرەوە .
- بەقەزاو قەدەروو ڕۆژییەکەت ڕازی بە
- ، بێزاری دەر مەبڕە ، هەمووی دانراوە .
- بەیادی خودا گوناھ دەوەری، دڵ ئارام دەبێ، خەم و خەفەت لا دەچێ ،خوداش پێی خۆشە.
- چاوەڕێی سوپاس لەکەس مەکە ،پاداشتی خودا بەسە ، گوێ مەدە بەو کەسانەی بەرامبەر تۆ سپڵەنە ، یا ڕق و قینەو ئێرەییت پێ دەبەن.
- گەیشتیە بەیانی، چاوەڕێی ئێوارە مەکە ،تەنیا بەگوێرەی ئەم ڕۆژە کاروو بارت چاك و ڕێك و پێك بژێ .

Scanned with CamScanner

- پەلەمەکە دوا ڕۆژ خۆی دێت ، لەسبەی مەترسە ، چونکە کە ئەمڕۆت چاك کرد ،بەیانیت چاکە.
- دڵت لەئێرەی، ڕق ،بوغزەو قین ،بەربەرەکانێ، خاوێن بکەوە.
- ئەم بوونەوەرە لەسەر پەیڕەو نیزام بنیات نراوە ، کەواتە جل و بەرگ و مالّ و دووکان و شوێنی کارت ڕێك و پێك بکە .
- بڕۆ دەشت و دەر ،تەماشای باخچەی جوان و ئەفراندن و دروستکرا وەکانی خودا بکە.
- وەرزش بکە ، بەپێ هاتوو چۆبکە ،تەمبەڵی مەکە ، لەدەست بەتالی و بێ ئیشی دوور بە .
- مێژوو بخوێنەوە،بیر لەبەسەر هات و ڕووداو و چیڕۆکە ناوازەکان بکەرەوە.
- ژیانت بەردەوام تازەبکەوە،شێوازی ژیانت جۆراو جۆر بکە، هەمان هەلسو کەوتی دووبارەی ڕۆژانەت بگۆڕە .
- چایەو قاوە، یا مەیخۆرەوە یا کەم بیخۆرەوە، نەکەی نزیکی جگەرەو نێرگەلەو .....ببیتەوە .
- بایەخ بە خاوێنی پۆشاك و ڕێکیت بدە ،بۆنت خۆش بکە سیواوك بەکار بهێنە .
- ئەو کتێبانەی مرۆڤ فێری نائومێدی، بێ هیوایی ،داتە پێن دەکەن مەخوێنەوە.

Scanned with CamScanner

- چاك بزانە ،خودا لێبوردەیە، تۆبە قبوڵ دەکا، لەبەندەکانی خۆش دەبێت خراپە دەگۆڕی بۆچاکە .
- لەسەر ئاین ، ئەقڵ، تەندروستی، بوونی پەناو داڵدە، توانای بیستن ، بینین ،ڕۆژیی، منداڵ .....هتد، سوپاسی خودابکە .
- نازانی خەلك هەیە ، ئەقڵی نەماوە ، نەخۆشە ،بەند کراوە، کەم ئەندامە ، ئیفلیجە، یاتوشی کارەسات بووە ؟أ.
- لەگەڵ قورئان بژێی، بە بیستن ، بە خوێندنەوە ، بە ئەزبەرکردن ، چونکە بۆلابردنی خەم و خەفەت ، گەورەترین چارە سەرە .
- پشت بە خودا ببەستەو کاروو بارتی پێ بسپێرە ، بە قەزاو قەدەری خودا ڕازی بە ، ئەو پەنای تۆیە ، تەنیا ئەوت هەبێ بەسە .
- لەو کەسەی ستەمی لێکردووی خۆش بە، ئەوەی سەردانت ناکا تۆسەر دانی بکە ، بەخشش بدە بەوکەسەی نایدا بە تۆ ، نەرم و نیان بەلەگەڵ ئەو کەسەی ئازاری دای ، بە دڵخۆشی و ئاسوودیی دەژی .
- زۆر (لا حول ولا قوه الا بالله) بڵێ ، دەروونت ئارام دەبێ ، گوزەرانت باش دەبێت، بۆ نەهامەتیەکانی ژیان توانا بەخشە ،خوداش پێی خۆشە .
- لە دڵەوە زۆر داوای لێ خۆش بوون بکە، ڕۆژی، ڕزگاری، وەچەو منداڵ ، زانستی بەسودە ، کار ئاسانی ،وەرینی گوناهی لەگەڵە .
- بە ڕوخسارو شێوەو توانا پارەو کەسو کارو مااڵت ڕازی بە ، دڵت خۆش و دەروونت ئارام دەبێت .

Scanned with CamScanner

- بزانـــه لەگـــەڵ ناخۆشـــی و خـــەم ، دەروووش دەکرێتـــەوە ، بەردەوامی بۆهیچ شتێك نیە ، ڕۆژگاریش لەخولانەوەیە.
- ئومێدت زۆر هەبێت ، بێ هیوا مەبە ، بیری چاکەت لەخوداوە بۆخۆت هەبێت ، بەردەوام چاوەڕێی شتی باش و جوان بکە .
- بـــە تەقـــسیمی خـــودا ڕازی بـــە ،دڵخـــۆش بـــە ، چـــونکە نـــازانی بەرژەوەندیت لەچی دایە ڕەنگە کەم دەستیت خێری بۆتۆ هەبێت .
- کارەســـات و نەهامـــەتی، بـــەهۆی پاڕانـــەومت لـــەخودا نزیکـــت دەکاتەوە چونکە لوتبەرزیی و ڕاڵە خۆبووون لەســەر خــەڵکی فیـز لێدان ناهێڵێ .
- هـــەزاران بەخشـــشی خـــودا لەلەشـــی خۆتـــدا هەیـــە ، خـــودا پێشکەشی کردووی .
- چاکە لەگەڵ خەڵك بکە بەسەردانی نەخۆش ،یارمەتی هەژار ، بەزەیی بەهەتیو ، دڵت خۆش دەبێت .
- دووربە لەگومانی خراپە خەیاڵی نەخۆش، بیرۆکەی خراپ .
- وانەزانی ،تەنیا تۆ کارە ساتت بەسەر هاتووە ، کەس نیە توشی خەم و تەنگانە نەبووبێت .
- چاك بزانە دونیا شوێنی تەڵەزگەو گێچەڵ و ناخۆشی و خەمە ، ڕازی بە ، پشت بە خوا ببەستە .
- بیر لەوانەی پێش خۆت، لەکار دەرکران، بەند کران، تاڵان کران ،کوژران ، توشی مەینەتی و کارەسات بوون ، بکەوە .

Scanned with CamScanner

. • خەم و خەفەت ، برسیەتی ،هەژاری ، نەخۆشی ،قەرز،کارەسات ، لێ قەو مان ، لای خودا پاداشتی هەیە .

• باش بزانە، تەنگ و چەڵەمە، بیرو هۆشی مرۆڤ دەکاتەوە ، دڵی هۆشیار دەکات مرۆڤ لەتاوان دەگێڕێتەوە، خێرو چاکەی بۆزیاد دەکات.

• چاوەڕێی کارەسات و ڕووداو مەکە ،بەگۆتە گۆت خۆت خەریك مەکە، باوەڕ بە پڕوپاگەندەش مەکە .

• لەوانەیە زۆربەی ئەو شتانەی لێی ئەترسین ، سەرەنجام وانەبێت، نیگەران مەبە، لەلایەن خودا ، چاودێری ، یارمەتی هەیە، خودا بەسە بۆ مرۆڤ .

• لەگەڵ پیاوی ئیرە بەر ،ئێسك گران، خاوەن ڕق و کینە ، دامەنیشە ، هەرئەوانە سەرچاوەی نەخۆشینە بۆ ڕۆحی مرووڤ ، هەروەها پەیامنێری دڵتەنگی و ناخۆشی .

• بەردەوام (الله اکبر) ی نوێژ دابەستن ، بە کۆمەڵ بکە ، لە مزگەوت زۆر بمێنەوە ، خۆت ڕابێنە بە تالوکە کردن ئەو کاتەی نوێژ کاتی دێت ، دڵت خۆش دەبێت .

• لەگوناە دوورکەوە ، سەرچاوەی خەم و خەفەت و لێ قەومان و کارەسات و نەهامەتی یە .

• بەردەوام بڵێ ﴿لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنْ الظَّالِمِينَ﴾ الانبياء:٨٧.

• بۆ لابردنی ناخۆشی و خەم و خەفەت ، نهێنیەکی سەر سوڕهێنی تێدایە .

Scanned with CamScanner

- با قسەی ناشیرین و جنێوی کەس، کارت تێ نەکات ، کەسەکە خۆی ئازار دەچێژێ نەك تۆ .
- بە جنێوی دووژمنەکان و خراپ بێژی حەسوودەکانت ، نرخ و پلەو پایەت دەزانرێ ، چونکە بویتە پێاوێکی ناودارو گرینگ .
- ئەوکەسەی پاش ملە باسی کردی، خێرو چاکەکانی خۆی پێشکەش کردی، گوناهەکانی هەڵوەراندی، بەناوبانگی کردی ئەمانەش بەخششی خودایە.
- هەروەکو چۆن لەسونەت هاتووە، بۆخودا پەرستی زۆر، ئەرك و پاڵە پەستۆی زیاد مەخەرە سەر خۆت، باکەم و پوخت، مامناوەندی، بێ زیادە ڕۆیی بیت.
- چەند دڵسۆز بیت بۆ خودا، ئەوەندە دڵت و خۆش و ئاسوودە دەبێت .
- ئازا ،دڵ دامەزراو، خاوەن دەروونی بەرز، گەردەلول و پڕوپاگەندە ،کاری تێ ناکات .
- بەردەوام چاکە بکە ،بەخشندە دڵی خۆشە ، دەروونی ئاسودەیە، بەڵام ڕەزیل و پیسکە دڵتەنگ و دەروون تاریکە .
- لەگەڵ خەلك ڕووت خۆش بێت ،بەنەرمی گفتو گۆیان لەگەڵ بکە، تۆیان خۆش دەوێت، ڕێزیان بگرە، ڕێزت دەگرن.
- بەنەرمی و باشترین شێوە ڕەفتار لەگەڵ خەلك بکە ، مەهێڵەکەس ببێتە دوژمنت، زوو ئاشتیان بکەوە ، هاوڕێ زۆر پەیدابکە.

Scanned with CamScanner

- ئومێدو سەرچاوەی بەختەوەرو کامەرانی ، دوعای دایك و باوکە ، بەدەرفەتی بزانە ،بۆئەوەی بەرامبەر گشت ناخۆشیەك ببێتە پەرژینێکی پتەو.
- هەڵسوکەوتی سروشتی خەڵك قبوڵ بکە ،لێیان ببورەو لە هەڵەکانیان خۆش بە ، مرۆڤ بەم شێوەیە لەژیاندا دروست کراوە .
- لەخەیاڵ، مەژی بەڵکو لەبنچینە ژیان چۆنە وابژی، داوای کارێك لەخەڵك مەکە ، بەخۆت ناکرێ ، داد پەروەربە .
- نەکەی زیادە ڕەوی بکەی، سادە بژی، لەئاستی خۆت زیاتر پارە سەرف مەکە، ڕۆحت ئاڵۆزو پەرێشان دەبێت .
- ئاگاداری وێردی بۆنەکان بە، چونکە سەرتاپای ئەورۆژە دەتپارێزێ، ڕێنمایی و پشتیوانە.
- کارەکانت هەمووی لەیەك کات مەکە ،دابەشی بکە، لەنێوانیان بشووبدە .
- لەوانەی بە ڕوخسارو شێوەو لەش لە تۆجوانترن،بەسامان و پارە لەتۆدەولەمەند ترن ، بەفەرمان و پلەو پایە بەرزترن، منداڵی زۆر یان هەیە ، تەمەشای خوارەوەی خۆت بکە ، تابزانی تۆلەسەرەوەی هەزاران هەزار کەسی .
- باوەڕبکە، برا، کوڕ، هاوسەر، خزم، هاوڕێ، بێ کەم و کوڕی نین، خۆت لەسەر ئەمە ڕابێنە. – ئەو پیشە زانییەی خوا داویەتی بیگرە وازی لێ مەهێنە، ئەوزانستەی حەزت لێ یە بخوێنە، بەو ڕۆزییەی هەبیت سوپاسی لەسەر بکە ، ئەو کارەی بۆتۆ دەگونجێ بیکە.

Scanned with CamScanner

- نەکەی دڵی کەس یاکۆمەڵەیەك بڕەنجێنی ، زمان پاڕاو ، قسە خۆش ، بێ وەی ، نەرم بە .
- پشوو فراوانی خەوش دادەپۆشێ، نەرم ڕەفتار گوناە دادەپۆشێ، بەخشین کراسێکی گەورەیە کەم و کوڕی دەپۆشی.
- کاتژمێرێك بۆبیرکردنەوە لەخۆت و لە کاروباری ژیانی دونیاو ڕۆژی دوای تەرخان بکە.
- کتێبخانەکەت باخچەیەکی سەوزرە، پڕلە گوڵ و گوڵزارە، لەگەڵ داناو زاناو ئەدیب و شاعیر ان ، هاتو چۆی تێدابکە .
- وریابە ڕۆزی حەلاڵ نەك حەرام پەیدا بکە .
- لە داواکردن لەخەڵك دووربکەوە ،بازرگانی باشترە لەفەرمانبەری، بەو پارەی هەیتت، مامەڵەی پێ بکە، بە میانڕەوی بژی.
- لەجلو بەرگ مام ناوەندی بە، نە هی هەژار، نەهی دەوڵەمەند مەپۆشە، جلی وامەپۆشە لەناو خەڵك دەربکەوی یا خۆت دەربخەی، بەڵکو وەکو گشت خەڵك بە .
- تورەمەبە، دڵ توندو پەرێشانت دەکا، هاوڕێ بوون ، خۆشەویستیت، پەیوەندیەکانت تێك دەدا .
- جار بەجار گەشت بکە، تا شوێن و شارو وڵاتان ببینی، گەشت و گوزار ژیان نوێ دەکاتەوە، دڵ خۆش دەکا .
- دەفتەرێکی یاداشتی بچوك لەگیرفانت دابنێ، تاکارو بارو کاتەکان و گفت و بەڵێنەکان و تێبینیەکانت تێدا تۆمار بکەی.

Scanned with CamScanner

- لەسـڵاو کـردن بەڕوویـەکی خـۆش دەستپێـشخەربە، بایـەخ بەخەڵك بدە ، تالە دڵیان نزیك بیت و تۆیان خۆش بوێت .
- پشت بەخۆت ببەستە نەك بەخەڵك ، وابزانـە لەبەرامبەرتـدان نەك لەگەڵت، بەڵکو تەنیا خوات لەگەڵە، بـەهاورێی خـواردن وهـەبوون دەستخەرۆمەبە .
- وریابە لەوشەی (دواتر،پاشان)دەیکەم، دووربکەوە لەدواخستنی کارو فەرمان چونکە ئەمە سەرەتای ژێرکەوتن و بەزینە .
- لـەبڕیاردان سـێ و دووەمەکـە، دامـەمینێ، دووڵ مەبـە ، بـەڵکو لەکاتی پێویست، یەکسەر بڕیاربدەو بڕۆ پێش و کارەکە ئەنجام بدە .
- بەگۆڕینی کارو پیشە تەمەنت بەفیڕۆمـەدە، ئەمـە مانـای وایـە، لەهیچیان سەرناکەوی .
- بـەتاوان سـڕینەوەی بـەڵاو کارەسـات، هـەروەها کـاری چـاکە، تەوبەو پەشیمانی، دوعای موسڵمانان، بـەزەیی پـەروەردگار، شـەفاعەتی پێغەمبەر(د.خ)دڵت خۆش بێت.
- خێـرو چـاکە بکـە، باکـەمیش بێـت، گونـاە دەکوژێنێتـەوە، دڵ خۆش دەکا، خەم ڕەوێنە، ڕۆزیش زیاد دەکات .
- موحەمـەد(د.خ)بکـە پێـشەوای خـۆت ،چـونکە بۆبەختـەوەری، بۆژیانی کامەرانی، بۆسەرکەوتنت دەبات .
- -لەبەرەوەی ئاگـات لـەو هـەموو بـەهرەو چـاکە نیـە خـودا پێی بەخشیویت ، سەردانی نەخۆشخانە بکـە تاشـوکری ئـەو لـەش ساغیەت

Scanned with CamScanner

بکەی، سەردانی بەندیخانە بکە تا سوپاس گوزاری ئەو نازادییەت بکەی، سەردانی شێتخانەو نەخۆشخانەی دەروونی بکە تا سوپاسی نەونەقڵەت بکەی.

- وریابە پرسێکی سادە، گەورە مەکە ،نەترۆخێنی، زیادەڕەوی لێ مەکە.
- ئاسۆی بیرکردنەوەت فراوان بکە، بیانو بۆئەو کەسانەی نازاریان دای بدۆزەوە، نەکەی هەوڵی تۆڵەسەندنەوە بدەی تا بەئاسودەیی بژی .
- بە تورەبوون و خەم خواردن دوژمنت خۆش مەکە، ئەوەیان مەبەستە، هیواکانیان جێ بەجێ مەکە بەتاڵکردنی ژیانی خۆت .
- بە دوژمنداری کین و قینەو ڕق لەخەڵکی ، لەدەروونتدا کورە دامەگیرسێنە ، چونکە ئازارێکی بەردەوامە .
- لەکاتی دانیشتنەکانت، بەڕێز، ڕووخۆش، ڕێزلێنەر، بێ پچڕاندنی قسە، گوێ بیست بۆخەڵك، کەمدوو تەنیا لەقسەی خێر نەبێت.
- وەکو مێش مەبە ، تەنیا لەسەر برین دەنیشی، نەکەی باسی ئابڕوو کەمو کوڕی خەڵك بکەی، بەکەوتنی خەڵك دڵخۆش نەبی، بەدوای هەڵەو خلیسکانیان مەگەڕێ .

Scanned with CamScanner

- خاوەن باوەڕ خەم لەدەست چونی دنیا ناخوات ،گرنگی پێ نادات ،لەکارەساتەکانی ناترسی ، چونکە هیچ نیە ، بێ نرخە، نامێنێتەوە.
- بەهیچ شێوەیەك تخونی دڵداری، حەزلێ کردن ، خۆشەویستی نابەجێ مەکەوە ، چونکە بۆڕوح دەردو ئازارە ، بۆدڵ نەخۆشیە، بەرەو یادو گوێڕایەڵی خودا ڕابکە.
- تەمەشای شتی ناڕەواو حەرام مەکە، خەم و خەفەتە، دڵ بریندار دەکا، مرۆڤی بەختەوەر لەم شتانە چاوی دەپۆشی.
- خواردنی بەسوود، لەکاتی خۆی، جەمی خۆراکت بخۆ، زیاد لەتێربوون مەخۆ، دوای نانخواردنیش یەکسەر مەخەوە .
- لەکاتی هەر ڕووداوێکدا، خراپترین شێوە مەزەندە بکە، خۆت ڕابێنە، بەڕازی بوون، هەست بەئارام بوونەوەوئاسان بوونی دەکەی .
- پەت چەند ئەستوربێت، هەردەپسێ، دوای شەو خۆردەردەکەوێ، دوای تەنگی فراوانی دێت ، یەك تەنگانە بەسەر دووئاسان کاری زاڵ نابێت ﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا * إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾ الشرح/٥ – ٦.
- بیرلە بەزەیی خودا بکەوە، لەو تاوانبارەی ئاوی دا سەگێکی تێنوو خۆشبوو، لەو کەسەی سەت کەسی کوشتبو، خۆش بوو، داوای تەوبەی لە(نصاری) کردووە.

Scanned with CamScanner

- بنچینەی نەگۆڕ، دوای برسیەتی تێریی یە، دوای تێنوویەتی تێر ئاو خواردنەوەیە، دوای نەخۆشی لەش ساغیە، دوای هەژاری دەوڵەمەندی یە، دوای خەم و خەفەت کەیف خۆشیە.
- سەرنج بدە سورەتی(الم نشرح لك صدرك)، بیری لێ بکەوە، زۆر چاك بزانە لەکاتی تەنگانە چاکترین دەرمانە .
- لەکاتی ترس و لێ قەومان ئەم دوعایەبکە (لااله الا الله العظیم الحلیم، لا اله الاالله رب العرش العظیم، لااله الا الله رب السموات ورب العرش الکریم)رواه البخاری و مسلم .
- کاتی تورەیی بێ دەنگ بە ، لەدژی شەیتان ، پشت بەخوا ببەستە، شوێن بگۆڕە، ئەگەر بەپێوە وەستابووی دانیشە، یادی خوازۆر بکە.
- لەناخۆشی مەترسە ،دڵت بەهێزدەکا، نرخی لەش ساغی و تەندروستی دەزانی، بۆدەروون توانا بەخشە، ،پلەو پایەت بەرزدەکا، سەبرت بەدەردەیەخێ.
- بیر لەڕابردوو گەوجی و شێتیە، وەکو ئارد ببەیتە ئاش ، شەنە بای بەئاردەداربکەی، مردوو لەگۆڕ دەربهێنی وایە .
- لەلایەنە باشەکەی کارەسات بنواڕە، بیرلەخێرەکەی بکەوە بزانە لەوەش خراپتر هەیە ، تەمەشای لێ قەوماوان بکە.

Scanned with CamScanner

- ئـەوەی بەسـەرت هـات ، دەبوایـە هـەروابێ ،ئـەوەی بۆتـۆ دانـەنرابێت هـەرگیز نابێـت، مەرەکەبەکـە وشـك بۆتەوە،لەگـەڵ قـەزاو قەدەری خودا هیچ ناکرێ .
- هـەوڵ بـدە زیـان بکەیتـە قـازانج ، لـەلیمۆی تـرش شـەربەتی شیرین درووست بکـە، کـەمێك شـەکر لـەناوی کارەسـات بکـە ،، لەگـەڵ ژیانت خۆت بگونجێنه.
- هەرگیز لەبەزەیی ویارمەتی خـودا نائومێـد مەبـە، بـەگوێرەی توێشو یارمەتیت بۆدێت.
- تۆنازانی، زۆربـەی چاکەو خێـر لەگـەڵ ئـەو شـتانەیەڕقت لـێ یەتی ، چەندین خێرو خۆشی لەناو ناخۆشیەکان خۆی مەڵاس داوە.
- بـیرو ئەندێـشەت، تانــەت باتــە نێـو ئاقـاری خـەم و خەفـەت لەچـوار چـێوەیەك دابـنێ، بیرلەبەخشـشەکانی خـودا، تایبـەت بـەخۆت بکەوە.
- دووربــە لەهــەراو دەنگــە دەنــگ لەماڵــەوەو شــوێنی کــارت، لەنیشانەکانی بەختەوەریو کامەرانی ، بێ دەنگی، کش و مـاتی، ئـارامی، ڕێك و پێکی یە.
- بۆتەنگانــە نوێــژ باشـترین چارەسـەرە ، روح و دەروونـی مـرۆڤ بۆبەرزایی نورو سەرکەوتن و ڕزگاربوون دەبا .
- کاری چاك، مرۆ لەبیری خـراپ، لێکدانـەوەی هەڵە ، بۆچوونی حەرام دووردەکاتەوە.

Scanned with CamScan

- باوەڕهێنان بەخوداو ڕۆژی دوایی ، خۆراك و ئاو هەواو ڕوناکی دەرختی بەختەوەریە .
- خاوەن ڕەوشت و ئەدەب و هەڵسوکەوتی جوان ، دڵی خۆی و خەڵکی کامەران دەکات ، دەروونی ئاسوودەو گوزەرانی باش دەبێت.
- جار بەجار پشوو بدە، دڵ ماندو بێزار دەبێ ، شێوازەکانی ژیانت بگۆڕە، قسەی پەند ئامێزو زانیاری هەمە چەشنی بۆ ئامادە بکە.
- زانست دڵ خۆش دەکا، بیرو لێکدانەوەفراوان دەکا، بۆدەروون ئاسۆ والا دەکا ، لەخەم و خەفەت ڕزگاری دەکا.
- زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەنگو چەڵەمە، خۆشبەختیە، هیچ خۆشیەك ناگاتە خۆشی سەرکەوتن و بردنەوە.
- ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ خەڵك بەخۆشی بژیت ، چۆن دەتەوێ خەڵك هەلسوکەوتت لەگەڵ بکەن، تۆش وا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکە ، کەلو پەلیان بەنرخی کەم هەڵم سەنگێنە، ڕێزیان کەم مەکەرەوە .
- مرۆڤ ئەگەر خۆی ناسی، کاری بەوزانینەی خۆی کرد ، تامی سەرکەوتن دەچێژێ .
- زانیاری و تاقی کردنەوەو شارەزایی، گەورەترە لەگەنجینەو سەرمایە، چونکە دڵخۆش بوون بە پارەو سامان بۆرابواردنە، بەڵام دڵخۆش بوون بەزانست بۆ مرۆڤایەتیە .

Scanned with CamScanner

ئایض القرنی ـــ

ئەگەر ژن و میّرد، یەکێکیان تورەبوون ، بائەوی تر بێدەنگ بێت ، کەس نیە بێ خەوش و کەم و کوڕی ، کەواتە بایەکتری لەسەر خوومکانیان قبوولّ بکەن.

هاودەمی چاك و ئومێد بەخش ، بە هیوا، کارە سەختەکانت ئاسان دەکا، مرۆڤی بەد بین و بێ وڕە، دنیا لەبەر چاو تاریك دەکات .

ئەوەی هاوسەرو خانوو تەندروستی باش و برێك پارەی هەیە، هەموو ژیانی هەیە، با سوپاس گوزارو ڕازی بێت، هەرچی دوای ئەمانەیە، خەمە .

(هەرکامێکتان لەخۆی ئەمین بێ، مەترسی لەگیانی خۆی نەبێ. لەش ساغ بێت، نان و ئاوی ئەو ڕۆژەی هەبێت، وەکو هەموو جیهان. بە هەموو خۆشییەکانیەوە هی ئەو بێت وایە)تورمزی گێڕاویەتیەوە.

لەبنەماکانی ڕازی بوون، ئەوەی بەخوایەتی خوداو ئاینی ئیسلام وپێغەمبەرایەتی محمد(د.خ) ڕازی بێت، خودا ڕازی دەکات .

بنچینەکانی سەر فرازی ، خودا لێت ڕازی بێت ، خەلکی دەورو بەرو دەروونی خۆشت ڕەزابوونی هەبێت، هەروەها بەرهەمی چاکت هەبێت .

خواردن دڵخۆشی یەك ڕۆژە ، گەشت دڵخۆشی یەك هەفتەیە ، ژن هێنان دڵخۆشی یەك مانگە، پارە دڵخۆشی یەك ساڵە، ئیمان و باوەڕ دڵخۆشی هەموو ژیانە .

Scanned with CamScanner

- بەنوستن و خواردن و خواردنەوەو ژن هێنان، بەختیار نابیت، گەورە پیاوان بەگردەوەی چاك ناویان دەرکردوە .
- ئەوکەسەی کاتی خوێندنەوەی هەبوو کامەرانە ، چونکە لەهەموو باخچەکانی جیهان گوڵ دەچنی، سەر سوڕهێنەرەکان دەزانی ، کات و شوێن دەبڕی.
- گفتو گۆلەگەڵ هاوڕێ خەم لابەرە ، گاڵتەو قسەی خۆشی لەئازار بەدەر خۆشە، خوێندنەوەو بیستنی هۆنراوە دڵ ئاسوودەدەکا .
- ژیانی بەندە بەتێڕوانینی خۆت ، چۆنیەتی بیرکردنەوە ژیانت دروست دەکا، کەواتە چاویلکەی ڕەش لەچاو مەکە.
- یەك چرکەش لەژیانت بەفیڕۆمەدە ، بەبیرکردنەوە لەوکەسانەی ڕقت لێیان دەبێتەوە، چونکە ئەوان ئاگایان لەتۆو خەمەکەت نیە ، بەڵکو بیرلەو کەسانە بکەوە خۆشیانت دەوێ .
- ئەگەر بەناو کارە بەپیتەکەت ڕۆچووی ، ئارام و ئاسوودە دەبیت.
- کامەرانی بەڕەچەلەك و ڕەگەزو خزمایەتی نیە، بەئاڵتون و سامان نیە، بەڵکو بەئایین و زانست و ئەدەب و گەیشتن بەهیواو ئاواتە.
- بەختەوەرترین بەندە لای خودا ، ئەوکەسەیە چاکەی زۆر بکا، یارمەتی برایانی بدا، زۆر سوپاسگوزاربێت .

Scanned with CamScanner

- بەهــەوڵ و تەقــەڵای خــۆت کامــەرانیت بەدەســت نــەهێنا، چاوەڕێی ئاسمان مەکە لەوێدا بێتە خوارەوە .
- بیرلەدەســتکەوتەکان و بەرهــەمت بکــەوە ، هــەروەها ئــەو چاکانەی کردوتە، دڵت پــێ خۆش بکە ، سوپاسی خودابکە ، ئاسوودە دەبیت .
- ئەوەی خەمی دوێنێی لەکۆڵ کردیەوە، خەمی ئەورۆو سبەش ناهێلی پشتی پــێ ببەستە ، ئەگــەر لەگــەڵت بێــت لەچی دەترسی ، لەگەڵت نەبێت چاوەڕێی کێ دەکەی؟
- نێوان تۆو دەوڵەمەند یەك ڕۆژە ، دوێنێ خۆشییەکەی ڕۆیی و نــەما ، بــەیانیش کــەس نــازانێ، تــەنیا ئەمڕۆیــە ، ئــەویش کاتێکی زۆر کەمە !
- شادمانی مرۆڤ گورج و گوڵ، دڵ خۆش دەکا، کۆئەنــدامی لــەش چاڵاك دەکا، هێزو توانا زیــاد دەکا ، ژیــان نــرخ دارو تەمــەن بــە پیــت و بەرەکەت دەکا.
- بنــــچینەکانی بەختــــەوەری ، هــــەبوون و ژیــــانی ئــــارام و تەندروستی باش و ئایینە، بەدبەختیش بۆهەژارو ترسنۆك و نــەخۆش و بێ باوەڕە .
- ئەوکەسەی میانڕەوبێت ، بەختەوەر دەبێت و بەئامانج دەگات ، ئەوەی لەکارەکانی نەرمی بنوێنێ، ئومێدو مرازی بەدەست دەهێنێ .

Scanned with CamScanner

• لەکاتەکانی ژیان ، تەنیا یەك وشە هەیە، ئەویش ئێستایە ، لەفەرهەنگی بەختەوەری تەنیا یەك وشە هەیە ، ئەویش ڕەزابوونە .

• ئەگەر کارەساتێکت بەسەر هات، بیرلەوە گەورەتر بکەوە، لەسەرت ئاسانتر دەبێت، بیر لەخێرا تێپەڕ بوونی بکەوە ، چونکە بێ ناخۆشی کارەساتەکە، تامی خۆشی لاچونی نازانی .

• ئەگەر توشی نەهامەتیەك بووی ، بیرلەو هەموو نەهامەتیانەی جاران، خودا ڕزگاری کردی بکەوە، بزانە، ئەوەی یەکەم جار ڕزگاری کردی لەمەودوا دیسان ڕزگارت دەکا .

• ئەو کەسەی ئەمڕۆ مافی کەسێکی نەداوەتەوە، یافەرمانی سەر شانی جێبەجێ نەکردووە، یاشکۆمەندی بنیات نەنابێ، یا سوپاسێکی دەست نەکەوتبێ، یاشتێك فێری نەبووبێ، یاسەردانی خزمانی نەکردبێ، یاچاکەیەکی نەکردبێ، بەرامبەر ئەورۆژەی خراپ بووە .

• پێویستە هەمیشە لەناو دەستت یالەنزیکت کتێب هەبێت، چونکە هەندێك جار کاتی وا بەفیڕۆ دەڕوات، کتێب باشترین شتە بۆ سوود وەرگرتن لەو کاتە.

• ئەوەی هەموو قورئانی لەئەز بەر بێت ، بەشەوو ڕۆژ بیخوێنێتەوە ، بێزار نابێت، هەست بەدەست بەتاڵی و پەرێشانی ناکات ، چونکە قورئان هەموو ژیانی پڕکردووە لەکامەرانی.

• بۆئەوەی پەشیمان نەبیتەوە، هیچ بڕیارێك مەدە، تابۆئەم مەبەستە، لەهەموولایەکەوە سەرنجی نەدەی، ئینجا نوێژی ئیستیخارە

Scanned with CamScanner

بکـە، داوای ڕێنمـایی لـەخودای پـەروەردگار بکـە، ڕاوێـژ بـەباوەڕ پـێ گراوان بکە،

- مرۆڤـی تێگەیـشتوو، هـاوڕێ زیـاد دەکـا،دوژمن کـەم دەکاتـەوە، لەبەر ئەوەی بەیەك ساڵ یەك هاوڕێ پەیدا دەکرێ، دوژمن بەیەك ڕۆژ ، ئافەرین بۆئەو کەسەی خوا کردویەتی بەخۆشەویستی خەڵك .
- تخووب بۆهیواو ئاواتت دابنێ ، ئەگەر وانەکەی، پەرێشان و دڵ توندو ژیان تاڵ و کارو بار خراپ و بیرکردنەوەت پەرش و بڵاودەبێت .
- تەندرووسـتیت قوربـانی پـارەو سـامان یـاڕابواردن یاکورسـی مەکە، چونکە ئەگەر تەندروستیت لەدەست دا، ئەوانەش نامێنێت .
- بۆئــەوەی نــازو نیعمەتــەکانی خــودا بمێنێتــەوە ، پێویــستە بەسوپاس و گوێ ڕایەڵی و نەهێشتنی لوتبەرزی ببەستیەوە .
- لەڕاسـتیدا تەمبـەڵ و سـست و خەمـسارد، مانـدوو خـەمبارە ، دڵسۆزی خاوەن کار زانی چۆن بژی و چۆن بەختەوەر دەبی .
- خۆشیەکانی ژیان زۆر زیاترە لەناخۆشی و کارەساتەکانی، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن بەزیرەکی خۆمان بتوانین بگەینە ئەو خۆشی یە .
- ئـافرەت ئەگـەر هـەموو دونیـای هـەبێت، بڕوانامـەکانی گـشت گێتی بەدەستهێنابێ، هەرچی دروشم و نیشانە هەیەلەسەر سینگی بێت ، بەڵام شوی نەکردبێت و مێردی نەبێت ، بێ تەواو هەژارە.
- ژیـانی تـەواو ئەوەیـە لەگەنجیـدا خـەبات بکـەی تێبکۆشـی بـۆ گەیشتن بەهیواو ئاوات ، لەپیریشدا بە تێ ڕامان و بیرکردنەوەمبژیت.

Scanned with CamScan

- تەنیا گلەیی لەخۆت بکە، چونکە ئەوەندە کەم و کوڕیت زۆرە، کات بۆ خەڵك نامێنێن ، گلەییان لێ بکەیت ، وازیان لێ بێنە .
- کتێبێك ، بیرو هزرت بکاتەوە ، دڵت خۆش بکا ، دەروون ئارام بکاتەوە ، سینەت فراوان بکا، زیرەکت بکا لەکۆشك و خانو جوانترە .
- داوای لێخۆشبوون و لەشساغی و بێ وەی بوون لەخودا بکە ، چونکەئەگەر ئەمانەت هەبوو ، کەواتە تۆ بەختەوەری، هەمووخۆشیەکت دەست کەوت، لەهەموو ناخۆشیەك دووری .
- یەك نان و حەوت دەنکە خورماو جامێك ئاوو حەسیرێك و قورئانێك و ژوورێکت هەبێت ، بە دونیا بلێ بە دوعا .
- کامەرانی لەخۆبەخت کردن، خۆبەکەم زانین، چاکە کردن، ئازارنەدان ، خۆبەدوورگرتن لەخۆویستی و خۆپەرستی داهەیە.
- کەم پێکەنین، دڵ بەهێز و تواناو ڕوناك دەکا، دەروون خۆش دەکا ، بێزاری ناهێڵێ، بۆکارکردن تین ووزەیە .
- خودا پەرستی کامەرانییە، خۆچاك کردن سەر فرازییە ، ئەوەی بەردەوام یادی خودا بکا ، لەبارەگای خودا بپاڕێتەوە ، مرۆڤێکی چاکە.
- چاکترین هاوڕێ ، بڕوای پێ بکەی ، ئاسوودەبی لەگەڵی، نهێنیەکانت بپارێزێ، بەشداری لەچارەسەری کێشەو گرفتەکانت بکا .

Scanned with CamScanner

- چاوەڕوانی خۆشیزیاتر مەکە ، تا ئەوەی هەیتت لەدەستت نەڕوا ، پێشبینی کارەسات مەکە ،چونکە تۆ بەم کارەت خەم و خەفەت پێش دەخەی .
- وامەزانە ، پێویستە هەموو شتێکت هەبێت، چونکە ئەمە ناکرێ و مەحاڵە .
- ژنێکی خاوەن باوەڕ، خانویەکی فراوان، ڕۆزییەکی مامناوەندی، دراوسێی چاك، لەبەخششە گەورەکانی خودایە، بەڵام زۆر کەس پێی نازانێ.
- بتوانی ناخۆشیەکان فەرامۆش بکەی نیعمەتە، بەخششەکانی خودات لەپێش چاو بێت خێرە، گرنگی نەدان بەخەوشیی خەڵك چاکەیە.
- لێخۆشبوون لەتۆڵەسەندنەوە بەتامترە ، ئیش و کار لەبەتاڵی خۆشترە ، قەناعەت لەپارەو سامان گەورەترە ، تەندروستی لەسامان باشترە .
- تەنیایی لەهاوڕێی خراپ باشترە ، هاوڕێی باش لەتەنیایی باشترە ، خەڵوەت خودا پەرستیە ، یاد کردنەوەی خودا گوێڕایەڵی یە .
- گۆشە گیری کیشوەری بیرکردنەوەیە ، زۆر تێکەڵاوی خەڵك نەفامی یە ، باوەڕ بەخەڵك گەمژەییە، بەر بەرەکانی یان بەد خویی یە.

Scanned with CamScanner

- بەد ڕەوشتی نازارو چەرمە سەرییە، قین ژهرە، پاشملە باسکردنی خەڵك ڕیسوابوونە ، گەڕان بەدوای عەیب و عاری خەڵك سەر شۆڕی یە.
- سوپاسگوزاری ڕق و تووڕەیی لادەبات ،واز لەگوناه هێنان ،ژیانەبۆدڵ ، گەورە پیاوان تام وچێژی، سەرکەوتن بەسەر دەروون دەچێژن .
- نانی وشك و ژیانی ئارام، بەتامترە لەهەنگوین و ترسان ، ژیانی بێ کەم و کوڕی ناو ڕەشماڵ، خۆشترە لەژیان لەناو کۆشك و تەلار ، لەگەڵ هەبوونی گێچەڵ و ئاژاوە.
- بەزانست شاد بوون هەتا سەرە، نەمرە ، دەمێنێتەوە ، بەڵام بەپارەو سامان ، هەتا سەر نیە، نامێنێتەوە، کۆتایی دێت .
- بەدونیا شاد بوون بۆ منداڵانە ، بە ئیمان شاد بوون بۆ پیاو چاکانە، خزمەت کردنی پارەوسامان سەر شۆڕییە ، خودا پەرستی سەر بڵندی یە.
- ویستی مەردانە ئازاریشی خۆشە، کار ئەنجامدان ئاسوودەییە، ئارەقەی کار کردن میسکە، بەچاك باسکردن خۆشترین بۆنە .
- بەختەوەری بریتیە لە: قورئان هاو دەمت بێت، ئەو کارەی دەیکەی ئارەزووی خۆت بێت، ماڵەکەت بکەیتە پەرستگا ، دڵنیایی و ڕازی بوون سامانت بێت .
- کەیفخۆش بوون بە خواردن و پارە بۆمنداڵانە، بەچاکی باسکردن هی داناو گەورە پیاوانە، چاکە هەرگیز ناسڕێتەوەو نامرێ .

Scanned with CamScanner

- شـــەو نوێـــژ گەشـــی ڕوخـــساری موســـڵمانانە لـــە ڕۆژدا ، خۆشەویستی خەڵك لەپاك و خاوێنی ویژدانەویە ، چاوەڕوانی هانای خودا ، بە خودا پەرستی دەژمێردرێت .
- لێ قەومان چوار بەهرەی تێدایە ، پاداشت، ژیان لەگەڵ سەبرو خۆڕاگریی ، یادکردن بە چاکە ، چاوەڕوانی میهرەبانیی خودا .
- نوێژ بەکۆ ، بە جێهێنانی فەرزەکان ، خۆشەویستی موسڵمانان، واز لەگوناە هێنـان ، خـواردنی لوقمـەی حـەڵا ڵ، سـەربەرزی دونیـاو قیامەتە .
- هـەرگیز لەشوێنی سەر مەبـە، چـونکە زۆر ژان دەکـا، هـەوڵی بەناو بانگ بوون مەدە، بـاجی خـۆی هەیـە سـستی تـۆ، هـەبوونی رۆزی کامەرانی یە .
- لەنیـشانەکانی نـەفامی: بـە فیڕۆدانـی کـات، تەوبـە دواخـستن ، دوژمنداری خەڵك ، ئازاردانی دایك و باوك، ئاشکراکردنی نهێنی .
- دڵ مردن بـە، واز هێنـان لـەخودا پەرستی ،گونـاهکردن ، گـوێ نەدان بەخراپ باسکردن ، لەمـەکری خـودا ئاسـوودە بـوون، سـوکایەتی بەپیاو چاکان، دەناسرێتەوە .
- ئەوەی لەماڵی خـۆی بـەختیار نـەبێت ، لـە هـیچ شـوێنێکی تـر بـەختیار نابێـت، ئـەوەی کەسـوکاری خۆشـیان نـەوێت ، کـەس خۆشـی ناوێت ، ئەوەی ئەمرۆی لەدەست بدا سبەش لەدەست دەدا.

Scanned with CamScanner

- چوار شت بەختەوەری دەهێنن : کتێبێی بەسوود ، کوڕی گوێ ڕایەڵ، هاوسەری بەڕێزو خۆشەویست ، هاوڕێی چاك ، خوداش زۆر زیاتر لەلایە .
- هەوڵ و کۆششی زاناو دانایان بۆباوەڕو تەندروستی و دەوڵەمەندی و نازادی و نارامی و گەنجی و زانستە ،، بەڵام دەگمەنە هەموی دەستەبەر بکرێت.
- نێستا بەکامەرانی بژی ، چونکە لەمانەوەت مسۆگەرنیت ، هیچ گرەنتیەکت بۆدووری لەکارەساتەکانی ژیان وەرنەگرتووە، خەم بەحازر، خۆشی و شادیش بەقەرز مەکرە .
- لەم دونیایەدا لەهەمووشتێك باشترە ، باوەڕی ڕاستە قینە خوڕەوشتی چاك ، نەقلێکی باش، لەشێکی ساغ، گوزەرانی خۆش ، دوای ئەوانە هیچ نیە ، تەنیا خۆخەریك کردنە .
- دووبەهرەو چاکە شاراوەیە، تەندروستی و ژیانی نارام، دووبەهرەو چاکەش دیاروبەرچاوە ، ستایش و نەوەی چاك .
- دڵی شادو گەش میکرۆبی قین لەناو دەبا، دەروونی ڕازی زیندەوەری ڕق قەڵاچۆدەکا.
- ئاسودەیی نەرمترین نوێنە، تەندروستی چاك باشترین داپۆشەرە، زانست خۆشترین خواردنە، خۆشەویستی باشترین دەرمانە، پاراستنی خودا چاکترین جلو بەرگە.
- بەختەوەر ئەوانە نیە: بەد ڕەفتار، نەخۆش ، قەرزار، لانەواز، خەمگین ، زیندانی ، پیاوی ناحەز.

Scanned with CamScanner

- کامەرانی: نەمانی گێچەڵ، لاچونی ناخۆشی و دوژمنایەتی چاکە کردن زاڵ بوون بەسەر ئارەزوو .
- رێگای ماڵەوە بێ مەترسیترین رێگایە، بەبەرەکەتترین رۆژ ئەو رۆژەیە چاکەی تیابکەیت ، بەد فەرترین رۆژ خراپەی تێدا بکەی .
- ئەگەر جنێویان پێ دای ، ئەوانە جنێویان بەخوداش داوە، ئەوانەی لە نەبوونەوە هێنابوون ، گومان لەبوونی پەروەردیگاریش دەکەن، خودا دروستی کردون، سوپاسی یەکی تر دەکەن، لەمەترسی رزگاری کردوون، بەربەرەکانی دەکەن .
- خەمی هەمو دونیاو خەڵکی مەخۆ ، وامەزانە بارو دۆخی ئێمەیان لاگرنگە، باوەڕبکە ئەگەر یەکێکیان توشی هەڵامەت بێت ئێمەیان لەبیر نامێنێت .
- کامەرانی، کاسەی پڕو نیشتمانە، سەلامەتی و خانووە، دوور بوون لەناژاوەیە، رزگار بوون لەکێشەو تەنگو چەڵەمەیە ، سوپاسگوزاری چاکەیە، خودا پەرستی یە تامردن .
- (لەدونیا وەکو رێبواری لانەوازبە)فەرموودەیە لەگێڕانەوەی بوخاری.
- (نوێژێك بكە ، وابزانە دوا نوێژ ئەنجام دەدەی)فەرموودەیە لەگێڕانەوەی ئیبن ماجە
- (قسەیەك داوای لێبوردنی لەدواوە بێت ، مەیکە) فەرموودەیە لەگێڕانەوەی ئیمام ئەحمەد

Scanned with CamScanner

- (بەتەواوی بێ ئومێد بە لەدەستی خەڵك) فەرموودەیە لەگێڕانەوەی ئیبن ماجە
- زۆر چاوت لەدونیا نەبێت، خودا خۆشی دەوێت، چاوت لەدەستی خەڵك نەبێت، تۆیان خۆش دەوێت، بەڕۆژی کەم قەناعەتت هەبێ، گوێ ڕایەڵی قورئان بکە، ئامادەی ڕۆیشتن بە، لەخوداش بترسە.
- ژیان بۆ قیزەون نابێ، حەسانەوە بۆ دوژمندار نیە، ئاسوودەیی و ئارامی بۆ گوناهبار نیە ، بەد کار کەس خۆشی ناوێت ،سوپاس و ستایش بۆ درۆزن نیە ، متمانە کردن بۆ زۆر دار نی یە .
- (سەر سوڕمان بۆ باوەڕ دار ، هەموو شت بۆ ئەوباشە ، ئەگەر خۆشی هاتە ڕێگا سوپاسی خودا دەکا ، خێری بۆ دەنوسرێ ، ئەگەر توشی ناخۆشی بوو ، ئارام دەگرێ ، خێری بۆ دەنوسرێ) فەرمودەیە لەگێڕانەوەی موسلیم .
- بزە خەنە کلیلی شادییە ، خۆشەویستی دەرگاکەیەتی ،، کەیفخۆشی باخچەکەیەتی ، باوەڕ ڕوناکیەکەیەتی ، ژیانی ئاسوودە پەر ژینیەتی .
- شادمانی بریتیە لە : ڕوخساری جوان ، باخچەی سەوز ، ئاوی ساردو سازگار ، کتێبی بەسوود، دڵی شوکرانە بژێر و چاکە ویست ، دووری لەگوناە .
- تەندروست باش و لەش ساغ ، لەسەر بەرد بخەوێ وادەزانێ ئاوریشمە ، نانی جۆ بخوا وادەزانێ تێکوشینە ، لەکۆلیت بژی وادەزانی تاقی کیسڕایە .

Scanned with CamScanner

• پیسکەو ڕەزیل، بەهەژاری دەژی ، پاسەوانی سامانە ، کەمرد بۆنەوەکەیەتی ، خەڵکی ڕقیان لێ یە ، لەخودای پەروەردگار دووڕە ، لەناو خەڵك بەد ناوە .

• منداڵ لەسامان وپارە باشترە ، تەندروستی لەدەوڵەمەندی چاکترە ، بێ ترس ژیان لەخانوو ماڵ لە پێشترە، تاقی کردنەوە بەنرختڕە لەپارە .

• دڵشادی بکە شوکر، خەم بکە ئارامی ، بێ دەنگی بکە بەتێڕامان ، تەماشاکردن بکە بەعیبرەت وەرگرتن ، ژیانت بکە بەپابەند بوون بە فەرمانی خودا ، مردن بکە بەهیواو ئاوا ت .

• وەکو باڵندە وابە ، گرنگی بە بەیانی نادا ، باوەڕ بەکەس ناکا، کەس نازاری نادات ، ئێسك سووك، ڕەفتارو جوڵەی نەرم ، بەیانی و ئێوارەڕۆژیی بۆ دێت .

• ئەو کەسەی خۆی زۆر لەخەڵکی نزیك بکاتەوە ڕیسوای دەکەن ، بەرامبەر یان قرچۆك و ڕەزیل بێت قینی لێ هەڵدەگرن ، ڕەفتاری لەگەڵیان نەرم بێت ڕێزی دەگرن ، بەخشندەو جوا میر بێت خۆشیان دەوێت ، پێویستی هەبێت پێیان ڕقیان لێ دەبێتەوە .

• گەردوون لەخولانەوەدایە ، شەو بەبەر هەمە ، هەر ڕۆژ دونیا بۆکەسانێکە ، ژیان لەگۆڕاندایە ، مەحاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، خوداش هەر ڕۆژێ بە جۆرێکی جیا خەریکە(کل یوم هوفی شأن) ، کەواتە بۆ خەمبار دەبی؟ .

Scanned with CamScanner

- دڵی پاشاو سوڵتانان لەبەر دەستی خودایە ، چۆن لەبەر دەرگایان دەوەستی ، پارەو سامان لەهەژار داوادەکەی،شت لە ڕەزیڵ داوادەکەی ، سکاڵای خۆت بۆ لێ قەوماو باس دەکەی .
- بەیانیان سەر لەزوو ، نامەکانت ، مەرەکەبی ڕۆندك بێت ، کاغەزی ڕومەت بێت ، پۆستەی گیرا بوون بێت ، ڕووەو عەرشی خودا بنێرە ، چاوەڕوانی وەلأم بکە .
- لەناو نوێژ ، لەکاتی سوجدە، داواکاریەکانی خۆتی پێ بڵێ ، ئەو لەمەش پەنهانی تر ئاگاداره ، دۆستایەتی نهێنی تایبەتی خۆی هەیە ، باکەس بەمە نەزانی، خەڵکیش دووجۆرن ، یاباش یاحەسود .
- پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خودا یەی ، ملکەچی و گوێڕایەڵی کردۆتە بنەمای ڕێزو گەورەیی، چاو لەدەستی بەخشندەی پەروەردگار دەوڵەمەندیە، پابەند بوون بەفەرمانەکانی بەرزیە، بۆ مرۆڤ تەنیا پشت بەستان بۆ ئەو بەسیەتی.
- ئەگەر کەسێکت مرد یان خەم و خەفەت و کارەساتێکت بەسەر هات، بێ ئومێد مەبە ، لەوانەیە خودای پەروەردگار دوای ئەمە بە چاکی بۆت بگۆڕی .
- ﴿حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾آل عمران/١٧٣، لەبیر مەکە، ئاگر دەکو ژێنێتەوە، مرۆڤ لەمردن ڕزگار دەکا ، ڕێی پێ دەدۆزرێتەوە، پەیمانی گرنگی تێدایە.

Scanned with CamScanner

- ئەی بالّندە، بە خۆشی وشادی بژی ، دەچیتە سەر ڕوبار ، لەسەر دار دەژی ، میوە دەخۆی ، مەترسی لەسەرت نیە ، ناچیتە دۆزەخ .
- ماوەی خۆشی کورتە ، خەم گوناە دەسڕێتەوە ، تۆرە بوون بریسکەی ئاگرە ، دەست بەتاڵی زیانە، خودا پەرستی بازرگانی یە .
- دوێنێ مرد ، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە دەڕوا، سبەش نەهاتووە. تۆ کوڕی ئێستای ، چاکترین قازانج دەکەی ، ئەگەر گوێ ڕایەڵی خودابیت .
- ئەگەر هاوڕێ قەڵەم و گۆمی ئاو مەرەکەب و کتێب هاو دەم و ماڵەکەت و ڵات و هێزو توانا گەنجینەو سامانت بێت ، خەمی ئەو دونیایەت نەبێت .
- لەوانەیە سەرەتای کارەکان دەردەسەری بێت ، کۆتاییەکەی کامەرانی ، وەکو هەر سەرەتا بروسك وهەورە تریشقەیە ، کۆتاییەکەی بارانێکی بەسوود .
- تەوبەو داوای لێخۆشبوون ، دەرگا دەکاتەوە ، دڵ و دەروون خۆش دەکات ـ ڕق و قینە و گەندی ناهێلێت ، بۆ ڕۆزی زۆر پێشەکی کرینە ، هیوای کار ئاسانی یە .
- شەش شت بۆمرۆڤ بەسەو چارە سەرە : ئایین، زانست، دەوڵەمەنی، پیاوەتی، لێ بوردەیی، تەندروستی .

Scanned with CamScanner

- کێ لێ قەوماو ڕزگار دەکا ، کێ فریای خنکاو دەکەوێ ، کێ پەرێشانی و کارەسات لەسەر ئەو کەسە لادەبات کە دەلێ یا الله ؟ بێ گومان خودا .
- لەمشتو مڕو دەمەقاڵی بێ سوود و لەدانیشتن لەشوێنی خراپ و هاوڕێی بەد خوو دوور بکەوە ،چونکە هاوڕێیەتی کێ بکەی خوڕەوشت و هەلسوکەوتت وەکو ئەوی لێ دێت .
- گوێگری چاك ، نە بڕینی قسە ، ڕەفتاری نەرم و خوڕەوشتی جوان، لەسەر سینگی پیاو نیشانەو مەدالیایە .
- دووچاوو گوێ و دەست وقاچت هەیە ، هەروەها زمان و ئیمان و قورئان و ئەمسان ، ئەی کوا شوکر ﴿فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُما تُكَذِّبانِ﴾ الرحمن/١٣ .
- لەسەر پێیەکانت دەڕۆی ، هەیە پێی نیە ، دووقاچت هەیە ، هەیە قاچی نیە ، دەخەوی ، هەیە لەبەر ئازار خەوی لێ ناکەوێت ، تێر دەخۆی، هەیە برسی یە، نان نیە بیخوات.
- کەڕی و ڵاڵی و کۆرەیی و بێڕۆت توش نەبوو ە، لەبەڵەکی و شێتی و گڕوویی ڕزگارت بوە ، لەسیل و شێر پەنجە دووری ، ئەرێ سوپاسی خودات کردووە ؟
- کارەساتەکەمان،بۆ ئێستا هیچمان پێ ناکرێ ، خەریکی ڕابردووینە ، ئەمڕۆ پشتگوێ دەخەین ، گرنگی بەداهاتوومان دەدەین ، کوا ئەقڵ و حیکمەت لێرە .

Scanned with CamScanner

- ڕەخنەی خەڵك واتە لەوان لەپێشتری لەزانین ، لەتێگەیشتن ، لەپارەو سامان ، لەپلەو پایە ، لەشان و شکۆ ، لەبەر ئەمە شایەنی باسکردن و ئاماژە پێ کردنی .
- لاسایی کردنەوەی کەسایەتی خەڵك مردنە بۆکەسایەتی خۆت. لەچاو کردنەوەمڕەفتاری خەڵك ، خۆ لەناو بردنە .﴿قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَشْرَبَهُمْ﴾ البقرة/٦٠

واتە : بێگومان هەر هۆزێك چاوگەی خۆی ناسی. (ت : ئاسان)

- ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ البقرة/١٤٨

وا تە: بۆ هەر گەڵ و میللەتێك ڕوگەو قیبلەیەك هەیە، خوا ڕوویان وەردەچەر خێنێت بۆ لای. (ت : ئاسان)

- ﴿صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَى بِمَاءٍ وَاحِدٍ﴾ الرعد/ ٤.

واتە: دار خورمای یەك قەدو دوو قەد، هەموو نەمانە بەیەك ئاو ئاودێر دەکرێن و لەیەك جۆر ئاو دەخۆنەوە. (ت : ئاسان)

- (لاتكونوا إمعة) حديث ضعيف رواه الترمزي .

واتە: شوێن کەوتەو لاسایی کەرەوە مەبن .(فەرموودەیەکی لاوازە لەگێڕانەوەی تورمزی).

- لەدوای فرمێسك زەردە خەنەدێت ، لەدوای کارەسات خۆشی دێت ، لەگەڵ لێ قەومان بەخشین هەیە سونەتێکی چەسپاوە ، هاوکێشەیەکی نەگۆڕە .

Scanned with CamScanner

- تەماشابکە ، لەهەموولایەك غەمبار هەیە ، لەهەموو مالێك گریان ، لەسەر هەموو ڕومەتێك ئەسرین هەیە .
- سوپاسکردنی کەسێك چاکەت لەگەڵی کردبێ ، لەدەنگی بولبول و بای شەماڵ و جولەی دارو درەخت، ئاوازی خۆشترە .
- بۆکاتێك ئاوی سارد دەخۆیەوە ، کۆئەندامی لەشت ، هەموو دەڵێن سوپاس بۆحودا ، بەڵام ئەگەر ئاوەکە گەرم بێت ، بەئەر کەوە سوپاسی لەسەر دەکەی ؟
- هەرزانترین کاڵا لەبازاڕی ئاقڵان ئەوەیە : واز بێنە لەو شتەی پەیوەندی بەتۆوە نیە ، بەنرختڕین کاڵاش ئەوەیە : چۆن بتوانی خەڵك بکەیتە هۆگری خۆت ، خۆشت بکەیتە هۆگری خەڵك .
- نەکەی خەم بخۆی ژەهرە ، بێ دەسەڵاتی مردنە ، تەمبەڵی نەکەیت نائومێدی یە ، شپرزەیی لەبوونی را، بێ پلانی یە .
- ئەو کەسەی ئاین ڕێنمایی بکات ، ئەقڵ ڕابەری بێت ، پلەو پایەی خۆی بپاڕێزێت بەشەرم و خاوەن خو ڕەوشتی جوان بێت ، کەواتە خاوەن هەموو بەها پیرۆزەکانە.
- دراوسێی خراپ لەئاوارەیی خراپترە، چاکە لەکۆشك و تەلار بەرزترە بەچاکی باسکردن نەمری یە .
- ئەو کەسەی لەناکۆکی واز بهێنێ، لەخۆهەڵکێشان دووربێت ، درۆنەکا ، بەقەزاو قەدەری خودا ڕازی بێت، ئیرەیی بەکەس نەبات ، خودای پەروەردگار دڵی بەندەکانی بۆلای ئەو ڕادەکێشێ .

Scanned with CamScanner

• هەرکەسێك سوکایەتی بەدەسەڵات بکا دونیای دەچێ ، بێ ئەدەبی بەرامبەر مەلا بکا ئاینی دەچی ، گاڵتە بەهاوڕێی بکا جوامێر نی یە ، ئەوەی بەئەندازەی یەك مسقاڵ گەردیلە بێ ڕێزی بەرامبەر خوداو قورئان و پیرۆزەکانی ئیسلام بنوێنی دونیاو قیامەتی دەچی .

• پێویستی خەڵك بەتۆ ، بەخششی خودایە ، لێی بێزار مەبە ، ئەگینا دەبێتە ئازار، باش بزانە ڕووتێکراوو و بیستراو بیت باشترە نەك بە پێچەوانە .

• هەموورۆژێ پێش نوستن ، گەردنی خەڵك ئازاد بکەو لێیان ببووڕە، دڵت حەوت جار بە ئاوی تەوبە بشۆ، ئینجا جارێك بەخۆڵ و خاك. هەست بەتام و لەزەتی ئیمان دەکەی .

• زانست و زانین لەتەنیایی هۆگرە، لەئاوارەیی هاوڕێ یە ، لە خەڵوەت چاودێرە ، پێشەوایە بۆ چاکە، کاتی تەنگانە پشتیوانە ، دوای مردن ئازو قەیە .

• دڵێکی گوێڕایەڵ و چاوێکی بەئەسرین و دەروونێکی بە قەناعەتی هەبێت ، ئەگەر جلو بەرگ و پێڵاویشی درابێت ، کاریگەری نابێت و زیانی نی یە .

• ڕوولەدونیاو دوور لەپەیڕەو کردنی فەرمانەکانی خودای پەروەردگار ، هۆکاری خەم و پەژارەیە ، بۆ نموونە ئەوەی بەبەند کردنی هەتا هەتایی حوکم درا ، نە زیندووە ئومێدی دەرچوونی هەبێت ، نەمردووە پرسەی بۆدابنرێت .

Scanned with CamScanner

- باشترین سامان کانییەکت هەبێت ، ئەگەر نوستی هۆشیارو بێدار بێت ، ئەگەر لەوێش نەبیت جێ پەنجەت دیارە ، دوای مردنیش خێرەکە بەردەوام دەبێت .
- بە بێ دەنگی بەخت و چارە نووست دەدۆزیەوە، مرۆڤی کڕ سام و هەیبەتی هەیە ، بە گوێگرتن لەخەڵك خۆشیان دەوێیت ، بەڵاو کارە سات بەستراوەتەوە بە زمان و قسە .
- ژیان بریتیە لە: خۆئامادەکردن بۆدوای مردن، کارو کاسبی، تام و چێژ بەحەڵاڵی، خۆداناو زیرەك کردن ، دەروون پاکی ، دوای ئەمانە هیچی تر نی یە .
- گۆشە گیری و تەنیایی دوورت دەکا لە، ئیرەبەر، مرۆڤی گاڵتە باز ، ئێسك گران، غەیبەت کەر، لوتبەرز، خۆبەزل زان ، ..... ئەم سوودانەش زۆرن .
- بۆلابردنی خەم و پەژارە ، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر گەشت مەکە ، بەڵکو ناو دەروونت بگۆڕە .
- دڵت باش و ڕۆحت بەرز بێت ، بەیانیت گوڵ و گوڵزارە ، شەوت ئاهەنگە خەڵکی خۆشەویستی تۆیە ، کۆلیتە خانووت هەبێت ، کۆشك و تەلارە.
- یەکێك لەبەخششەکانی خودای پەروەردگار ، بۆمرۆڤی خودا پەرست و گوێڕایەڵ ، دەوڵەمەندی دڵە ، ئەگەر چەند پاروو نانێکی هەبێت ، وادەزانی دونیا هەموو هی خۆیەتی .

Scanned with CamScanner

- ژیان بێ وەیی و لەش ساغی یە ، گەنجی تەندروسی یە ، جوامێری سەبرەو گەورەیی تەقوایە ، پلەو پایە سامانە .
- بەد بەختترین کەسە ئەوەی بچێتە مالێکی تر ، بێ ڕەوشتی بکا ، ناڕازی بێت بەقەزاو قەدەرو ڕۆزیی خۆی .
- ئەو کەسەی بەردەوام هاموشۆی مزگەوت بکا، ئایەتی پیرۆزو جوان ، بۆ ڕاستە قینە ، زانستی چاك ، بەزەیی چاوەڕوانکراوی پەروەردگار ، قسەی سوود بەخش ، تەوبەو نەگەڕانەوە سەر گوناهی چنگ دەکەوێت.
- لای مرۆڤی بەڕۆژوو ، خواردن خۆش و بەتامە ، شەو نوێژ کردن نوستنی خۆش دەبێت ، ئەوەی چاکە کاربێت ، شایانی سوپاسی زۆر دەبێت ، خاوەن دەسەڵات ئیرەیی بەری زۆر دەبێت .
- کامەران نابیت ، مەگەر لەش و ئەقڵ و ویژدان و ئەندێشەت ، لەژێر هیچ دەسەڵاتێك نەبێت ، تابەندەی خودا بیت و بەس .
- بەختەوەر ئەو کەسەیە ، خراپە لەبیر دەکات ، چاکەو پیاوەتی لەبیر ناکات .
- ڕۆزیت لەتۆ زیاتر شارەزای شوێنتە لەتۆ بۆ شوێنی ئەو ، وەکو سێبەر بە دواتەوەیە ، تاهەموو ڕۆزیت تەواو نەبێت نامری .
- نەبوونی ئەوەیە ، کارت بەپیاوی ڕژدو پیسکە بێت ، هەژار ئەو کەسەیە زۆری بەکەم دابنێ ، کوێرپش ئەو کەسەیە عەیبەکانی خۆی نەبینێت .

Scanned with CamScanner

- ئەو کەسەی گەیشتە بەرزترین هیواو ئاواتی ، باچاوەڕێی کارەسات و ناخۆشیش بکا ، تەنیا خودا پەرستی ، سەرەنجامەکەی ڕەزابوون و چوونە بەهەشتە .
- شایەنترین کەس بۆزۆربوونی نیعمەتەکانی خودای پەروەردگار سوپاسگوزارترینیانە ، لەپێشترین کەس بۆڕێزو خۆشویستن ، چاکە کارو بێ ئازار بێت .
- کامەرانی پێویستی بە ئارامی هەیە ، پارەو سامان پێویستی بە خێرو چاکە هەیە ، پلەو پایە پێویستی بە شەفاعەت هەیە ، فەرمانڕەوایی پێویستی بە خاکە ڕایی هەیە .
- ماندووبوون نەبێ ئاسوودەیی چنگ ناکەوێ ، شەونخونی و کارکردن نەبێت ، ژیانی خۆش بەدەست ناهێنرێ ، خۆشەویستی و ڕێزیش بە ڕەوشتی جوان دەبێت .
- منداڵ لەسامان گرنگترە ، خورەوشت لەکورسی بەرزترە ، دەروونی بە ئومێد لەشارەزایی لە پێشترە ، تەقوا لەنەمری مەزنترە .
- هەرچی بیستت تەماعی لێ مەکە، پشت بەهەموو هاوڕێیەکت مەبەستە، نهێنیەکانت بەئافرەت مەڵێ ، بەدوای هەموو ئاواتێک مەکەوە.
- سانەوەم نەدیت، تەنیا کاتی تەنیایی ، ئارامیم نەدیت ، تەنیا لەگەڵ خواپەرستی، دۆستایەتیم نەدیت ، تەنیا لەگەڵ وەفاو دڵسۆزی ، باوەڕپێکردنم نەدیت ، تەنیا لەگەڵ ڕاستگۆیی نەبێت .

Scanned with CamScanner

- لەوانەیە یەك خواردن ، چەندین خواردنت لێ حەرام بکات ، وشەیەك دوژمنداری دروست بکات ، گوناهێك چەندین خێرو چاکەو بەخشش نەهێڵێت ، یەك تەماشا ، چەند ئاهو نالە و حەسرەت بەجێ بهێڵێ .
- باخۆشویستنت ئەرك نەبێت ، بارق لێبوونەوەت زۆر نەبێت ، با ژیانت تەنیا ڕابواردن نەبێت ، بابیرکردنەوەت بەپەشیمانییەوە نەبێت ،بامەبەستت بۆپەیدا کردنی ناو نەبێت .
- هەر کەس لەمالّی خۆی میرو ئاغایە ، کەس ڕیسوای ناکات ، کەس دەستی ناگاتێ ، ستەمکار پەڕێشانی ناکات ، پیسکەو ڕەزیل نا ئومێدی ناکات .
- خۆشترین ڕۆژ ئەو ڕۆژەیە ، دڵت نەرمتر بوو ، زانیاریت زیاتر بوو، گوناهت تێدا نەکرد ، تێگەیشتنت زیادی کرد ، هیواو ئومێدی زیاتری پێ بەخشی.
- ژیان فر سەتە ، نازانین تائەو کاتەی لەدەستمان دەڕوات ، تەندروستی باش تاجە لەسەرسەری مرۆڤی لەش ساغ ، تەنیا نە خۆش دەیبینن .
- کەی بە خۆشی دەژی ، ئەوەی کوڕێکی سپڵەو ژنێکی شەڕانیی و دراو سێیەکی خراپ و هاوڕێی ئێسك گران و دەروونێکی ئارەزوو بازو خراپی هەبێت !

Scanned with CamScanner

- خـودای پـەروەردگار ،خـۆت ، چـاوت ، هاوسـەرت ، منـدالـت ، مافیان لەسەرت هەیە ، بەشی هەموو خاوەن مافێك بدە .
- بـەیانیان تەماشـای خـۆر هـەڵاتن وسـەرەتای ڕۆژی تـازە بکـە ، جوانیی و هەیبەتی هەیە ، دڵ ڕۆشن و پڕ ئومێد دەکا .
- بەیانی زوو دەست بەکارەکانت بکە ، وەکو یادی خودا ، قورئـان خوێنـدن یـا لـە ئەزبـەر کـردن ، یاخوێندنـەوەو نوسـین ، یاسـەفەر ، چونکە بە پیت و پیرۆزە .
- لەژیان مامناوەندی بـە ، لەتەنیـشت ڕێگا بـڕۆ ، خـودا لـەخۆت ڕازی بکە ، بەزەییت بـۆ خـەڵکی هـەبێت ، فـەرزەکانت جێبـەجێ بکـە ، نوێژو ڕۆژی سونەتت هەبێت ، تۆتێگەیشتووی .
- قسەی چاك، کاری چاك ، دووربوون لەستەم، هامو شۆی خـزم، ئاخیر خێر، سەر فرازی و ڕزگار بوونە.
- لەوانەیە یەك وشە ، بەخشـێك نـەهێڵێت ، یـەك هەڵـە توشـی سـەر شـۆڕیت بکـات ، کەواتـە تـەنیایی و گۆشـە گـیری خۆشـە، سەربەرزییە.
- (موسڵمان ئەو کەسەیە ، موسڵمانان لەدەست و زمانی بـێ وەی بن ، ئیماندار ئەو کەسەیە ، خـەڵکی لـەگیان و سامانیان لێی ئـەمین و دڵنیابن) ئەم فەرموودە، تورمزی و نەسائی گێڕایتیانەوە .

Scanned with CamScanner

- (موهاجیر، نەو کەسەیە لەکردنی گوناهو تاوان هیجرەتی کردووە) نەم فەرموودەیە بوخاری و نەسائی و نەبوداود و نەحمەد گێڕایتیانەوە .
- باشترین سامان نەوەی سوودی بۆتۆهەبێت ، باشترین زانست نەوەی پلەو پایەت بەرزبکاتەوە ، خۆشترین مالّ تێیدا بحەسێیتەوە ، چاکترین هاوڕێ نەوەی نامۆژگاریت بکات .
- نەگەر کەس نیرەیی پێ نەبردیت ، دیارە هیچت پێ نیە ، نەگەر بێ هاوڕێ بووی ، دیارە هەڵسوکەوت و خوڕەوشتت باش نیە ، نەگەر ئاینت نەبوو دیارە هیچ بیرو ڕایەکت نیە .
- دڵت بەیاد کردنەوەی چاکەکانت وتەوبەو پەشیمانی ئاسوودەو خۆش بکە، بەدەستی سپی دەست لەملان بکە .
- قەڵەو بوون بێ ئاگاییە، زۆر خواردن زیرەکی ناهێڵی، زۆر نوستن بەزین و دۆڕاندنە ، پێکەنینی زۆر دڵ دەمرێنێ، دوودڵی و نیگەرانی ئازارە .
- شیری فەرمانڕەوای شیرینە ،واز هێنان لێی تاڵە، ناخۆشی لێ سەندنەوەی دەسەڵات خۆشیەکەی ناهێڵێ، کورسی لەخولانەوەدایە .
- لەخۆشیەکانی ژیان : سەفەرکردن لەگەڵ ئازیزان ، دووری لەو کەسانەی ڕقت لێیانە، سەلامەتی لەگشت ئەزیەت وئازار، یادکردنەوەی ناجۆر بوون .

Scanned with CamScanner

- چاکە پیاو دەکاتە بەندە ، خێرو چاکە مرۆڤ دەبەستێتەوە ، نەرمی دوژمن دەبەزێنێ ، سەبرو ئارامی پۆلییە ئاگر دەکوژێنێتەوە .
- کەی دونیا بەهیچ دانەنێی ، خۆشتر دەبێت ، هەر پێداویستیەك کارت پێ نەبێ ، لەهەموو شتێك هەرزانتر دەبێت .
- ئەگەر خەمی رۆزیی بەیانیتە ، کێ دەڵێ تۆلەژیاندای، ئەگەر خەم لەدوێنێ دەخۆی ، کێ دەیگەڕێنێتەوە .
- کاری بەردەوام لەپارەی زۆر باشترە ، ژیان بەگۆشە گیری و سەربەرزی لە دەسەلآت داری و سەر شۆڕی باشترە، تەمبەڵی لەخودا پەرستی لەچوست و چالاکی لەگوناهو تاوان کردن باشترە .
- چاوتێر پاشایە ، زۆر سەرف کەر گێڵە ، تورە شێتە ، پەلەکەر گەوجە، ئیرە بەر ستەمکارە .
- یادی خودای پەروەردگار ، خودا رازی دەکا ، مرۆڤ دڵخۆش دەکا ، شەیتان ملشۆڕ دەکا ، خەم و خەفەت ناهێڵی، تای تەرازووش پڕدەکا .
- ئەو کەسەی تەمەنی درێژبێت و کاری چاکە بکا بەختەوەرە ، ئەو کەسەی سامانی زۆربێت ، خێرو چاکەی پێ بکات سەرکەوتووە . ئەو کەسەی زانست و تێ گەیشتنی زیاد بکا تەقوای زیاتر بێت پیرۆزە .
- پاداشی ئەو کەسەی گرنگی بەخەڵك وخەریکی کاروباریان بێت، لەبیرچوونەوەی خەم وخەفەتە ، پاداشی ئەو کەسەی لەخزمەت

Scanned with CamScanner

و فەرمانەکانی خودا بێت ، خزمەتی خەلکە ، پاداشی ئەو کەسەی واز لەدونیا بهێنێت ، ڕۆزییەکی چاکە .

- بەتەندروستی باش ، نیعمەت بەکەم مەزانە
- بەبێ تەوبە ، گوناە بە بچوك مەزانە
- بە بێ دڵسۆزی ، خودا پەرستی بەزۆر مەزانە
- دڵخۆشبوون بە دونیا بۆ منداڵانە
- دڵخۆشبوون بەباسکردن بە چاکە بۆ پیاوانە
- دڵخۆشبوون بەوەی لای خودا هەیە ، بۆ پیاو چاکانە .
- ڕاستگۆیی ئاسوودەیی یە ، درۆ گومانە ، شەرم پاراستنە ، زانست بەلگەیە ، ڕەوانبێژی جوانییە ، بێ دەنگی دانایی یە .
- شیرینی بە ئاوات گەیشتن ، تالی سەبر دەسڕێتەوە ، تامی سەرکەوتن ماندووبوون و مەینەتیەکانی ناهێڵێ ، کارکردن بەشارەزایی و کارزانی ، ئازاری ناهێڵێ .
- خۆشترین شت لەدونیا خۆش ویستنی خودایە.
- خۆشترین شت لەبەهەشت بینینی خودایە.
- بەسوود ترین کتێب کتێبی خودایە (قورئان).
- دڵسۆزو باشترین ئادەمیزاد پێغەمبەری خودایە .
- بەختەوەر ئەو کەسەیە ، تەماشای خۆی بکات ، پەندی لەدوێنێ وەرگری ، بۆ گۆڕ خۆی ئامادە بکا، لەکاتی قسەکرد ن و لەکاتی بێ دەنگی بەردەوام چاودێری خودای لەیادە .

Scanned with CamScan

- چاو چنۆکی سەر شۆڕبیە، تەماع ڕیسواییە ، پیسکەیی و ڕەزیلی هیچو پوچە، ترسان بێ بەش بوونە، بێ ئاگایی لەخودای پەروەردگار کۆسپ و بەربەستە .
- کاتی خۆشگوزەرانی خۆت بۆکاتی لێ قەومان و کارەسات ئامادەبکە ، پارەو سامان بۆ خزمەتی خۆت دابنێ ، تەمەنت بۆ گوێڕایەڵی خودای پەروەردگار تەرخان بکە .
- لەوانەیە ڕابواردنێك خەم و خەفەتێك ، کەوتنێك ڕیسواییەك، پێکەنینێك گریان بهێنێت ، گوناهو تاوانیش نیعمەت ناهێڵێت .
- (فەرمانەکانی خودای گەورە بپارێزە ، دەت پارێزێت و پارانەوەکانت گیرا دەکات ، لەکاتی خۆشی خودا بناسە ، لەکاتی تەنگانە بەفریات دەکەوێت ، ئەگەر دوعات کردو داوای یارمەتیت کرد ، تەنیا لەخودا داوابکە) ئەم فەرموودەیە ئەحمەد گێڕایتیەوە .
- نیعمەتەکانی خودای پەروەدگار ،ئەگەر سوپاسی لەسەر بکرێت دەمێنێتەوە ،ئەگەر نا ڕادەکا ، دونیا ئەگەر کامەرانت بکا ، دڵت تەنگ دەکا ، دونیا ئەگەر خۆش بوو ،هەڵت دەخەڵەتێنێ .
- ساغی و سەلامەتی ، یەکێکە لەبەخششەکانی پەروەردگار، تەندروستی مرۆڤ بەکەم خواردن پەیوەستە، سەلامەتی ڕوح بەکەمی گوناهەوە بەندە ، شادمانی بە دوری لەتوڕەیی و بوغزی خەڵك بەندە .
- یەك خولەك وئەشکەنجەو ئازار ڕۆژێکە ،
- یەك ڕۆژ خۆشی شادی خولەکێکە ،

Scanned with CamScanner

- شەوی کامەرانی زۆر کورتە ،
- ڕۆژی خەم و خەفەت درێژەو سەختە ،
- کوێرەوەری ، نیعمەتەکانی خودای دڵۆڤان دەهێنێتە پێش چاو
- برسیەتی ، خۆراك خۆشەویست و بەڕێزو مەزن دەکات ،
- بەندیخانە ، ئازادی پیرۆز و سەنگین و بەنرخ دەکات ،
- نەخۆشی ، تۆی بۆڵەشساغی و تەندروستی بەپەرۆش دەکات،
- سێ پزیشك بگرە : پێکەنین و دلشادی ، پشوو ئیسراحەت ، کەم خۆری.
- لەسێ دووژمن دووربە : بەدبینیی ، وەهم ، بێ ئومێدی .
- کامەرانی مرۆڤ گەیشتنە بە چڵەپۆپە ،
- بردنەوەی گەیشتنە بە ئاکامی ماندی بوون ،
- بەختی ئەوەیە دونیا خزمەتی بکا .
- کاتی سەحەر دەستت بۆخودای میهرەبان پان بکەوە و بپارێوە و بڵێ ئەی پایە بەرزو مەزن ، هەرچەندە کاڵایەکی خراپمان هێناوە ، بەڵام لەبەرامبەری دا زۆرمان پێ ببەخشە .
- لەبەخشەکانی خودایە ، دووربوون لەنەخۆشی و ئازارو پیریی .
- هەتا تێنووت نەبێ ئاو مەخۆرەوە ، هەتا برسیت نەبێ خواردن مەخۆ، کەی خەو ڕووی تێکردی بخەوە .

Scanned with CamScanner

- ئەوەی سەبری گرت ، بەئامانج دەگا ، ئەوەی هەوڵی داو ماندووبوو ، سەرفرازو دڵخۆش دەبێت ، پەلەکردن نەزۆکییە ، بێ هەوڵدان ، تەنیا بە ئومێد مایە پووچی یە .
- بەکردەوەکانی خودا ڕازی بە ، هیواو ئاواتی گۆڕانی مەخوازە ، چونکە ئەو لەتۆ چاکتر دەزانی ، بۆتۆ چ باشە ، لەدایکی خۆشت بەبەزەیی تر ە .
- قەزاو قەدەری خودا هەمووی باشە ، هەتا گوناهیش ، ، بەو مەرجەی پەشیمانی وتەو بەو پاڕانەوەی لەگەڵ بێت ، خۆبە زل زانیی و لوت بەرزی و لەخۆڕازی بوون ناهێڵێ .
- بەردەوام داوای لێخۆش بوون بکە ، ڕەحمەتی خودا بەشەو بە ڕۆژ دابەش دەکرێت ، بەڵکو پاڕانەوەت گیرابێت و تا ڕۆژی دوای بەختەوەر بیت .
- دەستخۆشی و ئافەرین ، بۆئەو کەسەی ، ئەگەر بەخششی دەستکەوت ، سوپاسی خودابکا ، ئەگەر بەکارە سات تاقی کرایەوە ، سەبرو ئارامی لەسەر بگرێ ، ئەگەر گوناهی کرد تەو بە بکا ، لەکاتی تووڕەیی ڕەفتاری نەرم بێت ، ئەگەر کاربەدەست بوو جیاوازی نەکا .
- سوودەکانی خوێندنەوە : زمان پاراویی ، گەشەسەندنی ئەقڵ ، ڕۆشنبیری ، خاوتینکردنەوەی دەروون ، لابردنی خەم و خەفەت ، سوود وەرگرتن لەوانەکانی پێشوو ، بەدەستهێنانی هەموو شتێکی چاك.

Scanned with CamScanner

- تۆیشووی دڵ ، دڵسۆزی ، تەوبە ، گەڕانەوە پەنای خودا ، پشت بەخودا بەستن، چاوەڕێی پاداشتەکانی ، ترسان لەسزای ، ئینجا خۆشویستنی.
- بەردەوام بڵێ ((یاذا الجلال والاکرام)) و ((یاحي یاقیوم برحمتك أستغیث)) گوشادی و خۆشی و ئارامیت چنگدەکەوێ .
- ئەگەر ئازارت پێ گەیشت ، بیرلەقەزاو قەدەربکەوە ، خێری لێخۆشبوون، پاداشی سەبرە ، ئەو ستەمکارە ، تۆستەملێکراو، کەواتە تۆلەئەو باشترى .
- هەرچی نوسراوە دەبێ ببێ ، قەزاو قەدەر دانراوە ، مەرەکەبی قەڵەمی قودرەت وشك بووە ، نەخۆشی و هەژاری و کارەسات و ناخۆشی پاداشتی بۆتۆ هەیە ، کەواتە خەمی بۆچی یە ؟
- ئەو کەسەی لەدونیا نەچێتە بەهەشتی یادو گوێڕایەڵی و خۆشەویستی وهۆگری خودای پەروەردگار ، ڕۆژی دوای ناچێتە بەهەشت .
- بەگوێڕایەڵی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەقەدەغەکراوەکان ، خودای پەروەردگار لێیان ڕازی بوو ، ئەوانیش لەخودا ڕازی بوون ، بەهۆی هەرچییەکیان دەویست دای پێیان ، لەترسیش ڕزگاری کردن .
- چۆن غەمگین دەبێ ، ئەو کەسەی خودایەکی هەبێت ،ببینی و ببیسی وقەزاو قەدەری بەدەست بێت ، پەناگەو ڕۆزیی و هەموو شتێکی بەدەست بێت .

Scanned with CamScanner

- بەزەییەکەی فراوانە ، دەرگا کراوەیە ، بەردەوام بەخششەکانی بەسەر خەڵکدا دەباڕێ ، میهرەبانەو لێخۆشبوونی هەیە ، تەوبە کردنیش وەر دەگیرێ .
- هەرگیز نیگەران مەبە ، چونکە قەزاو قەدەر دانراوە ، مەرەکەبەکەی وشک بووەوە ، تێنووس هەلگیراوە ، پەروەردگار لەگوناهو تاوان خۆش دەبێت و پاداشتی چاکەش دەداتەوە .
- بەچاکی کاربکە ، ئومێدت زۆر بەم دونیایە نەبێت ، مەرگت لەپێشە ، خەریکی کارو کردەوەکانت و ئاگاداری دەوروبەرت بە ، زمانت بپارێزە .
- بۆ ئادەمیزاد لەکتێب بەکەڵکترنیە ، لەقەبر کاریگەرتر نیە ، لەگوناهو تاوان خراپتر نیە ، لەوازهێنان لەدونیا بەڕێزتر نیە ، لەچاو تێرو بەقەناعەت دەوڵەمەند تر نیە .
- نەمریی نەك بەهەڕەمەکی ، بەڵکو بەهەوڵ و خەبات و قوربانی دەدرێ ، بەگوێرەی ماندوبوون و کۆشش ، ناوت لەمێژوو دەنوسرێ .
- هەموو کارێك بەئاسان بزانە ، ئاسان دەبێت ، بیرلەدوای مردنت بکەوە و خەمێکی بخۆ ، واز لە زیادە ڕۆیی بێنە .
- هۆکاری خەم و خەفەت، زیادە ڕۆییە لەحەڵاڵەکان : قسە، خواردن ، خەوتن ، تێکەڵاویی ، پێکەنین ، .....

Scanned with CamScanner

• ﴿لِكَيْلاَ تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾الحديد/٢٣، (بۆنەوەی خەفەت نەخۆن بۆنەوەی لەکیستان چووە) (ت . ئاسان)

• کەواتە خەمو پەشیمانی ناوێت ، بەگریان و قیژەو هاوار خۆتان مەفەوتێنن .

• ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنْ اتَّبَعَكَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ﴾الانفال/٦٤.

واتە : تەنیا خوا بەسە بۆخۆت و ئەوانەی شوێنت کەوتوون) (ت: ئاسان)

• خودا پشتیوانی و چاودێری و بەرگریتان لێ دەکات و دەتانپارێزێ ، کەواتە هەرگیز مەترسن .

• ﴿إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ﴾ النحل/١٢٨.

واتە : چونکە بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆیان پاراستووە لەگوناە و هەروەها ئەوانەش کە چاکەکارو چاکەخوازن. (ت: ئاسان)

• لەبەڵای ناگەهان دەیانپارێزی ، لەکاتی نەخۆشی شیفایان دەدات ، لەتەنگ و چەڵەمەو شەڕو ناڕاوە دەیانپارێزی .

• ﴿لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا﴾ التوبة/٤٠.

واتە : خەفەت مەخۆ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە.

• دەمانبینی ،گوێبستی قسەکانمانە ن بەسەر دوژمن سەرمان دەخا ، پێویستیەکانمان بۆ ئاسان دەکات ، خەم و پەژارەمان ناهێڵی .

Scanned with CamScanner

- ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ﴾ الشرح/١.

واتە : ئەی موحەمەد ، ئایە دڵ و دەروون سینەمان گۆشاد و ئاسوودە نەکردیت ؟!

ئایە دەروونی ئێوەمان شادو هێمن و فراوان و گۆشاد نەکردووە؟!

- ﴿وَلاَ تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ﴾ النحل/١٢٧.

واتە : (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئیماندار)، خۆگر و ئارامگربەو خۆگری و ئارامگریەکشت تەنها بەکۆمەکی و یارمەتی خوا دەبێت بەکەسی تر ناکرێت، خەفەتیش مەخۆ لەخوا نەناسان کەباوەڕ ناهێنن دڵتەنگ مەبە لەبەرامبەر ئەو پیلان و نەخشانەی کەدوژمنان دەیگێڕن.

- مەترسە ، مەشلەژێ ، پەرێشان مەبە ، ئێمە لەفرت و فێڵیان ، بەرگریت لێ دەکەین و دەتپارێزین .

- ﴿وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ آل عمران/١٣٩

واتە : ئەی ئیمانداران ، کۆڵ مەدەن و سارد مەبنەوەوخەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرزو سەرفرازو سەر کەوتووترن ئەگەر ئیمانداری چاك و ڕاست و دروست بن. (ت: ئاسان)

- چونکە ئێوە لەباوەڕو پەیڕەوو پڕۆگرام و خووڕەوشت و هەڵسوکەوت بەرزترن .

- ﴿إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ﴾ النجم/٣٢

Scanned with CamScanner

واتـه : بەڕاسـتی پـەروەردگاری تـۆ ئـەی پێغەمبـەر ، ئـەی ئیمانـدار ، چاوپۆشی زۆر فراوانه (ت: ئاسان)

- لـەتاوانبار خـۆش دەبـێ، لەهەڵـە دەبـووڕێ، گونـاه دادەپۆشـێ ، چـەوتی دەسـرێتەوه ، ئـەو کەسـەی تەوبـه بکـاو بگەڕێتـەوه لێـی قبـوڵ دەکاو وەری دەگرێتەوه .

- ﴿وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْـأَسُ مِـن رَّوْحِ اللّـهِ إِلاَّ الْقَـوْمُ الْكَافِرُونَ﴾ يوسف /٨٧

واته : لەسۆزو میهرەبانی خواییش نائومێد مەبن. (ت:ئاسان)

- چونکه خێرا فریـای لـێ قـەو مـاوان دەکـەوێ ، بۆگشت خـەڵک بەخشندەیه ، کاری هەموان ئاسان دەکات .

- ﴿وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ يوسف/٦٤

واته : هەرئەو میهرەبانترینی میهرەبانانه. (ت:ئاسان)

- شـیفای نـەخۆش دەدات ، تەندروسـتی و لەشـساغی بەدەسـتە، پـارێزەره، پـشتیوانه، داپۆشـەری گوناهـە، لـەتاوان خـۆش دەبـی، میهرەبانه، چاکەی بێ ژمارەیه .

- ﴿قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلاَّ كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَى أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَاللّـهُ خَيْـرٌ حَافِظاً وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ يوسف/٦٤

واته:خواچاکترین پارێزەره (ت:ئاسان).

Scanned with CamScanner

- لانەواز دەپارێزی ، نامۆ دەگەڕێنێتەوە ، ڕێ بۆ گومڕابوو نیشان دەدا ، بەڵاو کارەسات لەسەر خەڵك لادەبا ، شیفای نەخۆش دەدا، خەم ناهێڵی .
- ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ المائده/٢٣

واتە : بەتەواوی پشت بەخوا ببەستن ، ئەگەر ئێوە ئیماندارن. (ت:ئاسان)

- کارەکانتان بەخودا بسپێرن ، بۆ ئەو بیگەڕێننەوە ، تەنیا داوا لەئەو بکەن ، بەدابەشکردنی خودا ڕازی بن ، بەچاودێری ئەو دڵنیابن.
- ﴿فَعَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ﴾ المائدة/٥٢

واتە : لەوانەیە بەدوور نیە ، بەم نزیکانە خواسەر کەوتن ببەخشێت. (ت:ئاسان)

- دەرگا کلۆم دراوەکان دەکاتەوە ، بەڵای ناگەهان لادەبات ، شەوە تاریك و درێژەکان ناهێڵێ ، دڵ ئاسوودەو ڕەوشەکە چاك دەکا .
- ﴿ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْراً﴾ الطلاق/١

واتە : تۆنازانیت لەوانەیە خوای گەورە دوای ئەوە بارودۆخێك پێشبهێنێت. (ت:ئاسان)

- خەم و پەرێشانی و دڵتەنگی ناهێڵی ، کارەکان ئاسان دەکات .
- ﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ﴾ الرحمن/٢٩

واتە : پەروەردگار هەموورۆژێك بێ ژمارە تاو توێ دەکات لەجیهانی ئادەمیزادو پەری فریشتەکان ..... هتد (ت : ئاسان)

Scanned with CamScanner

- خەم و نیگەرانی لادەبا ، لەگوناهو تاوان خۆش دەبێ ، ڕۆزیی دابەش دەکا ، شیفای نەخۆش دەدا ، لێ قەوماو ڕزگار دەکا ، دیل ئازاد دەکا ، دڵ بریندار تیمار دەکا .
- ﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾ الشرح/٥

واتە : بەڕاستی لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی دێت. (ت : ئاسان)

- دوای هەژاری دەوڵەمەندی ، دوای نەخۆشی تەندروستی ، دوای خەم و خەفەت کامەرانی دوای ناخۆشی خۆشی ، دوای بەندیی ئازادی ، دوای برسیەتی تێربوون هەیە .
- ﴿سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾(الطلاق: ٧)
- واتە : دڵنیابن کە خوا دوای تەنگانە هەرزانی دەهێنێت ، دوای ناخۆشی ، خۆشی دەهێنێت (ت : ئاسان)
- کۆت و زنجیرو پەت دەپسێ ، دەرگاکان دەکرێنەوە ، بارانی ڕەحمەتی بەسەرتا دەبارێ ، دوورو دەربەدەر دەگەڕێتەوە ، بارو ڕەوشەکە باش دەبێت .
- ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾(يوسف : ١٨)
- واتە : خۆگریی و ئارام گرتن لەجوانترین شێوە. (ت: ئاسان)
- بارەکە دەگۆڕێ ، دەروون ئارام دەبێت، دڵەکان شاد دەبێت، کارەکان ئاسان دەبن، گرێ کوێرەکان دەکرێنەوە ، تەنگو چەڵەمە نامێنێت .

Scanned with CamScanner

• ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ﴾ (الفرقان : ٥٨)

واتـه : پـشت ببەسـته بـەو زاتـەی کـه هەمیـشه زینـدووەو هـەرگیز نامرێت. (ت: ئاسان)

• بۆئەوەی کارو بارت چاك بکا ، دڵت شاد بکا ، سامانت بپارێزی، سەرپەرشـتی منداڵـەکانت بکـا ، لـەدوا ڕۆژ پایـه بـەرزت بکـا ، هیـواو ئاواتت جێبەجێ بکا .

• ﴿حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ (ال عمران : ١٧٣)

واته : خوامان بەسه کەیاریدەدەرو یارمەتیدەرێکی چاکه (ت : ئاسان)

• خـەم و گیرو گرفـت نـاهێڵی ، لەگوناهـەکانمان خـۆش دەبێـت ، دڵەکانمان چاك دەکات ، کەم و کوڕیمان لەسەر هەڵدەگرێ .

• ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً﴾ (الفتح :١)

واته : ئـەی پێغەمبـەر ، بەڕاسـتی ئێمـه سـەرکەوتنێکی ئاشـکرامان پـێ بەخشیت (ت: ئاسان)

• ڕێنمایمـان کـردی، هـەڵمان بـژاردی ، تۆمـان پاراسـت ، توانـاو دەرفەتمان پێ بەخشی ، سـەرمان خـستی ، گـەورەمان کـردی ، تاقیمان کردی یەوە .

• ﴿وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾ (المائده : ٦٧)

واته : دڵنیاش بە کە خوا دەتپارێزێت ، لەخراپەی خەڵکی (ت: ئاسان)

• دوژمـن دەسـتی ناتگـاتێ ، سـتەمت لـێ نـاکرێ ، ئیرەییـت پـێ نابرێ ، قین لە دڵ زاڵ نابێت بەسەرت دا .

Scanned with CamScanner

- ﴿وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيماً﴾ (النساء : ١١٣)
- واتە : بەردەوام فەزڵ و ڕێزی خوا لە سەرتۆ ئەی موحەمەد زۆر فراوان و ناشکراو دیارە (ت:ئاسان)
- دروستی کردی ،ڕۆژیی دای، زانستی فێرکردی و تێی گەیاندی، پشتیوان و ڕێنمایی کردی ، خورەوشتی جوانی فێرکردی ، تۆی چاودێری کرد و تۆی پاراست و سەرکەوتوی کردی .
- ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ﴾ (النحل: ٥٣)
- واتە : هەرچی نازو نیعمەتێکتان هەیە ، هەمووی بەهرەو بەخششی خودایە (ت: ئاسان)
- ژیان ،ڕۆژیی ، بینین و بیستن ، هیدایەت و تەندروستی ، ئاوو هەوا ، دەرمان و جلو بەرگ و خانوو .
- یارمەتی و پشتگیریی و بەزەیی و بەخشش و سەرفرازی ، تەنیا لەخودا داوابکە .
- ئەوکەسەی لای خودا بگرێ ، خودا سەری دەخا ، بەرزیی و پلەو پایەی پێ دەبەخشی ، دوژمنەکانی سەر شۆڕ دەکا ، ئەو کەسەی فێڵی لێبکات شەرمەزاری دەکا .
- (لا حول و لا قوه الا بالله) توانا، ئیرادە ، پشتیوانی ، سەرکەوتن ، دەرفەت ، بێ کەمو کوڕی ، هێز ، هەمووی تەنیا بەیارمەتی خودایە .
- ﴿أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ﴾(البلد :٨)

Scanned with CamScanner

واتە : ئایە جوتێك چاومان پێنەبەخشیوە. (ت:ئاسانە)

- بەم چاوانە تەمەشاو سەرنجی گەردوون و جوانییەکانی ئەم ئاهەنگەی ژیانە بدات .
- ﴿وَلِسَاناً وَشَفَتَيْنِ﴾ (البلد: ٩)

واتە : ئایە زمان و دوولێویشمان پێ نەبەخشیوە. (ت:ئاسان)

- بەقسەی خۆش و جوان سەرنج ڕاکێش بەکاری بهێنە .
- ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ﴾ (ابراهيم: ٧)

واتە : ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانە بژێربن ڕزق و ڕۆزی نازوو نیعمەتتان بەسەر دادەڕژێنم و زیادی دەکەم (ت:ئاسان)

- ئەگەر سوپاسگوزاربن، زانست و تێگەیشتن و ڕۆزیشتنان زۆر تر دەبێت .
- ﴿وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ﴾ (لقمان :٢٠)
- واتە : بەفراوانی نازو نیعمەتی بەسەر دا ڕژاندون (ت:ئاسان)
- هەموو بەخششێکی ئاشکراو نادیار ،گشتی و تایبەتی ،لەدونیاو لەدواڕۆژ، لەسامان و کەس و کار ، لەکارزانایی و زیرەکی ، لەگیان و ڕۆح پێداون .
- ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ﴾ (غافر: ٤٤)

واتە : من خۆم و کارووبارەکانم ،دەدەمە دەست خوای گەورەو پشت بەو دەبەستم. (ت:ئاسان)

Scanned with CamScanner

- سکاڵام بۆی بەرز دەکەمەوە، باسی خۆم و کێشەکانم دەکەم ، نیەت و بۆچوون و دانانم باش دەکەم ، پشتی پێ دەبەستم ، بەکارو کردەوەکانی ڕازیمە ، دڵنیام لەتوانای .
- ﴿اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ﴾ (الشورى : ١٩)

واتە : خوای گەورە زۆر بەسۆزو دڵۆڤانە لەگەڵ بەندەکانیدا. (ت: ئاسان)

- لەکاتی هەژاری ڕۆزییان دەدات، لەکاتی تەنگانە فریایان دەکەوێت، ئەگەر داوای لێخۆشبوون بکەن، لێ یان دەبورێت، ئەگەر نەخۆش بکەون شیفاو چارە سەریان دەکات ، لەبەڵاو کارەسات ڕزگاریان دەکات.
- ﴿لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ﴾ (الزمر :٥٣)

واتە : نائومێد مەبن لەڕەحمەتی خوا. (ت: ئاسان)

- دەرگای هەمیشە کراوەیە ، پەردە لەنێوان خۆی و بەندەکانی نیە ، گەنجینەی هەرگیز خاڵی نابێت ، چاکەی قەت نابڕێ ، پەیوەندی و توانای بەردەوام ئامادەیە .
- ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ﴾ (الزمر:٣٦)

واتە: مەگەر خوا بەس نیە، کە پشتیوان بێت، بۆبەندەی خۆی کە پێغەمبەرە (ت: ئاسان)

- لەخەم و خەفەت، لەفێڵی، خراپەکارو هەموو ناخۆشی دەیپارێزی .

Scanned with CamScanner

- ﴿ابْتَغُوا عِندَ اللَّهِ الرِّزْقَ﴾ (العنكبوت: ١٧)

واتە : کەواتە هەر داوای ڕزق و ڕۆزی لەخوا بکەن. (ت:ئاسان)

- گەنجینەی زۆر پڕی هەیە، خێرو چاکە تەنیا بەدەست خودایە ن هەرخۆی جوامێرەو لەبەخشین بێ هاوتایە ، زاناو ئاگادارە .

- ﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾ (التغابن : ١١)

واتە : ئەوەی باوەوڕی تەواو بهێنێت ، خوا دڵی ڕێنموویی دەکات بۆ لای خۆی (ت: ئاسان)

- خەم و پەژارەی لادەبا ، لەگوناهەکانی خۆش دەبێت ، ڕق و قینی ناهێڵی، ڕێگای ڕۆشن دەکاتەوە ، پشتیوانیی دەکات .

- ﴿اذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ (المائده : ١١)

واتە : یادی نازو نیعمەتی خوابکەنەوە لەسەرتان. (ت: ئاسان)

- ئێوەی لەنەبوونەوە هێنابوون ، گومڕابوون ، ڕێنمای کردن ، هەژاربوون ، دەوڵەمەندی کردن ، نەزان بوون ، زانستی فێرکردن ، بێ دەسەڵات و بێ هێزبوون ، بەسەر خستن .

- چەندین جاران، داوات کرد بۆی جێبەجێکردی ، کەوتی هەڵی ساندییەوە ، توشی تەنگو چەڵەمە بووی کار ئاسانی بۆکردی، دوعات کرد بۆی گیراکردی .

- سڵاو دروود لەگیانی پێغەمبەر ، خەم و پەژارە لادەبات ، دڵی بریندار تیمار دەکات ، دەرگای زانین والادەکات ، ڕۆزیی دەهێنێتە بەر دەست .

Scanned with CamScanner

- ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ (غافر: ٦٠)

واتە : ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن ، ئەوەمن دوعاو نزاتان گێرا دەکەم (ت : ئاسان)

- دەستتان بەرزبکەنەوە ، بپارێنەوە ، داواکارییەکانتان و ڕۆزیی هەموو پێویستیەکتان و سکاڵای دڵی خۆتان بە پەروەردگار ڕابگەیەنن.
- ﴿أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ﴾ (النمل ئایەتی : ٦٢)

واتە : ئایە کێ یە جگە لەزاتی پەروەدگار ، کەبێت بەهاناو هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ داڵدەوە ، پەژارەو پەرێشانی و کارەساتی لەسەر لادەبات ، ئومێدی و مرازی جێبەجێ دەکات .

- گەردنی ئەو کەسانەی جنێوو ئازاریان دای ئازاد بکەو لێیان خۆش بە لای خودای پەروەردگار قەرەبوو پاداشت هەیە .
- کەشتیوان بترسێ ، دەلێ یا اللە ، ڕێ ونبوو دەڵێ یا اللە ، زیندانی دەڵێ یا الله ، نەخۆش دەڵێ یا الله .
- ﴿اللَّهُ الصَّمَدُ﴾ (الاخلاص:٢)

واتە : خوا زاتێکی پایەدارو دەسەڵات دارە، نیازی بەکەس نیەو هەمووان ناتاجی ئەون ، هەرئەو دەتوانێت بەڵاو ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازییەکانمان جێبەجێبکات (ت: ئاسان)

- هەرچی زیندەوەر و گیان لەبەر و ڕوح لە بەرە ، بەهەموو جۆرە زمانێك هانای بۆ دەبەن و پێویستیان پێ هەیە.
- ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا﴾(محمد : ١١)

Scanned with CamScanner

- واتە : ئەوەبە هۆی ئەوەوەیە ، چونکە بەڕاستی خوا پشتگیر و پشتیوانی ئەوانەیە کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە (ت:ئاسان)
- ڕێگای هیدایەت ڕۆشن و ئاسان دەکا ، گلەیی و پرسیارەکانیان بۆڕوون دەکاتەوە ، لەگومڕایی و سەر لێشێواوی دەیانپارێزی زانیارییان پێ دەبەخشێت.
- ئەی خەڵکینە، لەگەڵ ئافرەتان نەر م و لەسەر خۆبن ، وەکو شوشە ناسکن ، لەگەڵ خەڵك بەبەزەیی و هێواش و بەڕەفتاری جوان ، هەڵسوکەوتی چاکیان لەگەڵ بکەن.
- تورەییت قوت بدەوە و لەهەڵە ببووڕە و پشت گوێی خە ، گوێ مەدەرە خراپەکانی خەڵك ، کەم و کوڕییان داپۆشە ، دەبیت بەخۆشەویسترین کەس.
- ژورێکی تەندروست و دڵێکی ئاسودەو بەتەقواو باشت هەبێت ، بەهیواو ئاوات دەگەی.
- زیادەڕەوی سودی نیە، هەرچیت لەپێویستی خۆت زیاترت هەبێت، بارگرانیە، داوێن پاکی وهەژاری باشترە لە ڕابواردن و زێدە مەسرەف.
- پیلا نگێرمەبە، چاو دێری کەس مەکە ، وامەزانە خەڵکی بیرلەتۆو خەمی تۆیانە، هەرکەس خەریکی ئیش و کاری خۆیەتی .
- ﴿فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ﴾ (البقرە: ١٣٧)

Scanned with CamScanner

واتە : (بەڵام دڵنیابە ئەی محمد، ئەی ئیماندار) خوا تۆدەپارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان (ت: ئاسان)

- فێڵیان پوچەڵ دەکاتەوە ، پیلانیان لەناو دەبا ، سەربازەکانیان سەر شۆڕ دەکا، توندییان نەرم دەکاتەوە ،هێزو توانایان ناهێڵی ، تەفرو تونایان دەکات .
- ﴿فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ﴾ (الفتح : ١٨)

واتە : ئارامی و هێمنی و ئاسوودەیی دابەزاند سەریان. (ت: ئاسان)

- بەمرازیان دەگەیەنێت، شیفای نەخۆشەکانیان دەدات، دەروونی پڕ ئازاریان هێور دەکاتەوە، ویژدانیان ئاسوودەدەکا، دڵیان خاوێن دەکاتەوە.
- (الكلمة الطيبة صدقة) ئەم فەرموودە یە ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەحمەد گێڕاییانەوە .

واتە : قسەی خۆش خێرو چاکەیە .

- دڵی خەڵك خۆش دەکات ، دەروون دەکاتەوە ، بڕین ساڕێژدەکات ، تورپی و قین ناهێڵێت ، ئارامی بەخشە .
- (تبسمك فى وجة أخيك صدقة) ئیمامی تورمزی گێڕایتیەوە .
- واتە : زەردەخەنە بەرامبەر برادەر خێرو چاکەیە .
- چۆن بەناو نیشانی کتێب، ناوەڕۆکی دەزانین، ڕوخسار ئاوێنەی دڵە ، نەرمی و ویژدان سەرمتای خۆش بەختی یە.
- ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (المؤمنون: ٩٦)

Scanned with CamScanner

- واتە : بەچاکترین وجوانترین شێوە هەوڵ بدە (ت: ئاسان)
- بەوازهێنان لەتۆڵەسەندنەوە ، بەنەرمی لەگفتو گۆ ، بەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری جوان و لەبیرکردنی خراپە .
- ﴿مَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى﴾ طه/٢

واتە :پێغەمبەر ئێمە ئەو قورئانەمان دانەبەزاندووە بەسەرتۆ تاتوشی خەفەت و غەم و پەژارە ببیت (ت:ئاسان

- بەڵکو بۆبەختەوەری تۆ وئاسوودەیی ئارامی و چونت بۆبەهەشتی فیردەوس .
- ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾ الحج /٧٨.

واتە : لەو ئایین و بەرنامە یە هیچ جۆرە شتێکی ناڕەوا و قورس و گرانی لەسەر دانەناون (ت: ئاسان)

- ﴿وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾ الاعراف/١٥٧

واتە : ئەرکە قورس و سەنگینەکان لەسەرشانیان لادەبات ئەو کۆت و زنجیرانەش کەلە سەریان بوو لای دەبات (ت : ئاسان)

- دوای ئەو هەموو ڕەنجە ڕۆییە ، دڵخۆش و کامەران دەبن و دەحەسێنەوە ، دوای ئەو خەمانە بێ ترس و دڵشاد دەبن .
- ﴿قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي * وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي﴾ طه/(٢٥-٢٦)
- واتە موسا (د.خ) گوتی : پەروەردگارا سینەو دڵ و دەروونم ئاسوودە گوشاد بکە ، ئیش و کارو هەوڵ و کۆششم بۆ ئاسان بکە (ت: ئاسان)

Scanned with CamScanner

- تا ئەو نورە ببینم ، هەست بەهیدایەت بکەم ، ڕێڕەوەکە بگرم ، لەتاقی کردنەوەی ژیان دەربچم ،لەدوا ڕۆژ سەرفرازبم .
- ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى﴾ الاعلى/٨
- واتە : دڵنیابە ئێمە ، یارمەتیت دەدەین بۆئەنجام دانی هەموو چاکەیەك ، هەموو کارێکی لەبارت بۆ ئاسان دەکەین (ت:ئاسان)
- تاوەکو خودا پەرستیت بە خۆشەویستیەوە بێت ، لەفرمانی دەرنەچیت ،لەپێناوی خەبات بکەی ، ئازاری خۆش بیت ، گوژاڵکی تاڵی ببێتە هەنگوین .
- ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا ل﴾ البقرة/٢٨٦

واتە خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك ، مەگەر بەقەدەر توانای خۆی نەبێت (ت: ئاسان)

- ئەرك و فەرمانی خودا لەتوانای مرۆڤ زیاتر نیە ، بەڵکو بەگوێرەی هێزو زانین و توانایە .
- ﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا﴾ البقرة/٢٨٦

واتە: پەروەردگارا : لێمان مەگرە ، ئەگەر فەراموشیمان بەسەر داهات (ت: ئاسان)

- چونکە کەم هەوڵدەدەین، بێ ئاگاینە، شت فەراموش دەکەین، توشی لەبیرچونەوە دەبین سەر مان سوڕدەمێنێ ، خوای پەروەردگار ، داوای لێبوردن دەکەین .
- ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا﴾ البقرة/٢٨٦

Scanned with CamScanner

واته : یان گوناهو هەڵەیەکمان لەدەست قەوما (ت: ئاسان)

- خۆئێمە لەگوناهو تاوان مەعسوم نین ، گوناهمان زۆرە، بەڵام ئومێدەوارین لەبەخششی تۆ چاومان لە بەزەیی تۆیە .
- ﴿رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً﴾ البقرة/٢٨٦

واتە : پەروەردگار ئەرکی سەخت و کاری گران مەدەبەسەرماندا لەتواناماندا نەبێت (ت:ئاسان)

- ئێمە بەندەی بێ دەسەڵات و هەژارین ، تۆفێرت کردین چۆن لێت بپارێینەوە ، پارانەوەکانمان گیرابکە .
- ﴿رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ﴾ البقرة/٢٨٦

واتە : تووشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە، تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕیت (ت:ئاسان)

- نەوەك نەتوانین یا ماندوو بین و دەروونمان بێزاربێت ، ئاسانی بکە ، هەرچەندە ئاسانیشت کردووە .
- ﴿وَاعْفُ عَنَّا﴾ البقرة/٢٨٦

واتە : گوناهەکانمان بسڕەوە (ت: ئاسان).

- ئێمە هەڵەکارین ،خراپە هەرلە ئێمە سەر هەڵ دەدا ، کەم و کوڕی شایەنی ئێمە بووە ، تۆش بەخشندەو بەزەیی و مهرەبانی .
- ﴿وَاغْفِرْ لَنَا﴾ البقرة/٢٨٦

واتە : چاو پۆشی بکە لەهەڵەو تاوانەکانمان و دای پۆشە. (ت: ئاسان)

Scanned with CamScanner

لەگوناهەکان خۆش دەبی ، خەوش و کەم و کوڕی دادەپۆشی ، هەرتۆی لەگەڵ کەمتەرخەم نەرم و بەسەبری ، هەر تۆبەخشندەی .

- ﴿وَارْحَمْنَا﴾ البقرة/٢٨٦.

واتە : بەزەییت بێتەوە پیاماندا و ڕەحممان پێ بکە (ت: ئاسان)

- بەبەزەیی تۆ دڵخۆشین ، ئومێدەکانمان دەژیێتەوە ، خواپەرستیەکانمان وەردەگیرێ ، ڕەوش و ژیانمان چاك دەبێت .
- (بعثت بالحنيفية السمحة)ئیمام ئەحمەد ئەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە .
- واتە : من نێردراووم بە ئایینی حەزرەتی ابراهیمی ڕاست و میهرەبان .
- ڕکابەری و پێ داگرتن و ئەرك و ئازارو لەسنور تێپەڕاندنی تێدانیە ، بەڵکو فیترەت و سونەت و ئاسانکاری و ئابوری یە .
- (إياكم والغلو)نەسائی و ئیبن ماجەو ئەحمەد ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە .
- واتە : نەکەن زیادە ڕۆیی بکەن .
- کەواتە بە پێی شەرع و سونەت نەك بیدعەو داهێنان ڕەفتارکردن، ئاسانی و میانڕەوی نەك تووندڕەوی ، وەکو خۆی نەك زیاد کردن .
- (امتي امة مرحومة) ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە .

Scanned with CamScanner

- واتە : خودا بەزەیی و ڕەحم بە موسڵمانان دەکا .
- خودا پشتیوانی موسڵمانانە ، پێغەمبەر محمد (د.خ) سەردارو گەورەی پێغەمبەرانە ، باشترین ئایینی هەیە، چاکترین نەتەوەیە ، جوانترین شەریعەت و ڕێسایە .
- (ذاق طعم الايمان ، من رضي بالله رباً وبالاسلام دينا و بمحمد رسولا) ئیمامی موسلیم و تەرمزی و ئەحمەد ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە .
- واتە : ئەو کەسەی بەخوداو ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرایەتی (محمد) (د.خ) ڕازی بێت، تامی ئیمان و باوەڕدەکا .
- ئەم سێ بنچینەیە ، هۆیەکانی ڕەزابوونی خوداو گەیشتن بە ئامانجە لەژیان .
- نەکەی بێزارو قەڵس بیت ، چونکە دەرگای خەم و خەفەت و پەرتەوازەی دڵ و دەروون و ڕە وشتی خراپ و هەروەها بە فیڕۆدانی تەمەنە .
- ڕەزابوون بە تەقسیمی خودا ، بۆدڵی مرۆڤ ، ئارامی و ئاسودەیی و دڵنیایی و ژیانی خۆش و شادمانی دەبەخشێت .
- ئەوکەسەی لەخودا ڕازی بێت ، دڵی پڕ نوورو باوەڕو خۆشەویستی و دەوڵەمەندی و دڵنیایی و گەرانەوە بۆلای ئەوو چاویشی تێردەبێت .

Scanned with CamScanner

- کاکی هەژار : سەبرت هەبێ ، لەئەرکی هەبوونی پارە ، هەروەها خزمەتی سامان و کۆکردنەوەو پاراستن و ئیجا لێپرسینەوەیەکی توندو دوورو درێژ لەلایەن پەروەردگار ڕزگارت بووە.
- ئەی ئەو کەسەی چاوەکانت لەدەست داوە : بەهۆی کوێری ، مزگێنی بەهەشتت پێ دراوە ، چاك بزانە لەبڕی ئەو نورێك لەناو دڵت هەیە، لەتەمەشای بێ شەرعی و گەمەو گاڵتە و بینینی خراپە ڕزگارت بووە .
- ئەی ئەو کەسەی نەخۆشی : بەهۆی سڕینەوەی گوناهو تاوان خاوێن بویەوە ، دڵت پاك و خاوێن ئاوێنە ئاسایە ، دەروونی تۆی لەخراپە بەدوور خستی ، خۆ بەزلزانی و لوتبەرزی نەهێشتی .
- بۆچی بیر لەنەبوو دەکەیەوە ، سوپاسی هەبوو ناکەی ، بۆتەمەشای ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی هەیە ناکەی ، خەم بۆ هیتر دەخۆی ، ئیرەیی بەخەڵك دەبەی ، ئەوانەی هەیتت نابینی و فەرامۆشی دەکەی .
- (کن فی الدنیا کانك غریب) بوخاری و تورمزی و ئیبن ماجە و ئەحمەد ئەم فەرموودەیان گێڕا وەتەوە .
- واتە : لەدونیادا وەکو نامۆی بژی .
- پارچەیەك نان ، قومێك ئاو ، پۆشتەیی ، ژیانی چەند شەو ڕۆژێکی دیاری کراو ، ئەها! ژیان تەواو بوو ، ئینجا گۆڕی دەوڵەمەندترین کەس و هەژارترین کەس ، وەکو یەکە .

Scanned with CamScanner

• پاشاو خزمەت کار ، سەرۆك و پاسەوان ، شاعیری بەناوبانگ و هەژار ، دەوڵەمەند و گەدا لەتەنیشت یەکدی لەگۆڕ دەشاردرێنەوە ، بەڵام لەناو قەبر کارو کردەوە و پلەو پایە جیاوازە .

• ئەگەر گەیشتیە ڕۆژێکی تازە ، پێی بڵێ بەخێرهاتی ئەی میوانی ئازیز ، میوانداریەکی چاکی بکە ، بەبەجێهێنانی فەرزەکان ، ئەرکەکان ،نوێکردنەوەی تۆبە، نەکەی بەگوناهو تاوان ڕەشی بکەیتەوە ، چونکە ئەو ڕۆژە دەڕواو هەرگیز ناگەڕێتەوە .

• ئەگەر تەمەشای دوێنێت کرد ، بیرلەکارە چاکەکانت بکەوە ، بۆئەمڕۆش خەریکی کردەوەی چاك بە ، بۆسبەیش بیر لە هیواو ئامانجی بەرزت بکەوە ، بۆئەوەی بەدڵخۆشی و کامەرانی بژیت .

• تەمەن درێژی ، پڕەلەتاقی کردنەوە ، زانکۆیەکە پڕە لەزانیاری ، کۆگەیەکە لێوانلێولەزانست و هزر ، هەر ڕۆژێکت بەسەر دا تێپەڕی ، واتە وانەیەکت لەهونەری ژیان وەرگرت ، تەمەن درێژی بۆ پیاوی ئاقڵ و تێگەیشتوو ، پیرۆزە .

• کەمێك ترس پێویستە ، تا ئاسودە بوونت بخاتەوە یاد ، هانت بدا بۆ پاڕانەوەو دوعا ، لەسەر پێچی کردندا بتگەڕێنیتەوە ، ئاگاداریەکیش بێ بۆهەبوونی مەترسی لەوەش گەورەتر .

• کەمێك نەخۆشی پێویستە، تاوەکو ئەو تەندروستیەت لەبەر چاو بێت ، لوتبەرزی و خۆبەگەورە زانین لەڕەگو ڕیشەوە دەربهێنێ دڵیش لەخەوی بێ ئاگایی هۆشیار بکاتەوە .

Scanned with CamScanner

- ژیان خۆی کورتە ، تۆش بەخەم و خەفەت کورت تری مەکە ، هاوڕێ ژمارەیان کەمە ، بەلۆمەو گلەیی لەدەست خۆتی مەدە ، دوژمن و ناحەز زۆرن ، بە خورەوشتی نابە جێ زیاتریان مەکە .
- لەهەولّ و تێکۆشان ، وەکو مێروولە بە ، سەد جار هەولّی سەرکەوتنە سەر دارێك دەدات ، دەکەوێتە خوارەوە ، بێزارنابێ و کۆلّ نادات ، تالەدواییدا دەگاتە شوێنی مەبەست .
- وەکو هەنگ بە ، شتی پاك و خاوێن دەخوا ،لەناو گولّو گولّزارە ، هەنگوین بەرهەم دەهێنێ ، نەگەر کەوتە سەر نەمام نایشکێنێ ، ئازاری گولّیش نادات .
- فریشتە ناچێتە نەو مالّەی سەگی تێدایە ، ئەی چۆن ئاسودەیی دەچێتە ئەو دلّەی لەسەگی ئارەزوو گومان پڕ بێت .
- لەو دانیشتنانەی ، کێشەو گرفتی تێدا باس دەکرێت دووربکەوە ، چونکە بەنرخێکی کەم ئابین دەفرۆشرێ ، پیاوەتی و جوامێری تێدا نیە ، شەرەف و ئابڕوو ژێر پێ دەخرێت .
- پێشبڕکێ بکەن ، واتە خێرابن ، چونکە ڕۆژگار بەپەلە بارگەی تێك دەنێ ، خۆرو مانگ بەردەوام لەخولانەوەو ڕۆیشتندان ، باو هەوا هەلّدەکاو دەڕوا ، کاروانی ژیان چاوەڕێت ناکات .
- ﴿وَسَارِعُواْ﴾ ال عمران / ١٣٣
- واتە : بەپەلە بن و پێش برکێ بکە(ت:ئاسان)

Scanned with CamScanner

- ڕاپەڕە بۆبەرزی و هەوڵ بدە ، نەمری بەخەبات و تێکۆشان دەبێت ، سەرکەوتن لەسەر خوانی زێڕ پێشکەش ناکرێ ، بەڵکو بەفرمێسك و خوێن و ماندووبوون و شەو نخونی و ڕەنج و کوێرەوەری و دەردەسەری پەیدا دەکرێ .
- بۆنی ئارەقەی کرێکار لەبۆنی مسکی بێ کار خۆشترە ، هەناسەی ڕەنجبەران جوانترە لەسرودی تەمبەڵان ، ئەستورك خۆشترە لای برسی لە گۆشتی بەرخ لای دەوڵەمەند .
- ئەو جنێوەی لەلایەن ئیرەیی بەرانەوە ، بەسەرکەوتوان دەدرێ ، وەکو تەقاندنی تۆپی خۆشی و ئاگادارکردنەوەی سەرکەوتن و هەروەها ڕێکلامێکی بەخۆڕایی یە .
- بۆ پێش کەوتن و سەرکەوتن ، خزم و عەشیرەت ، ئاستی دەرامەت ، پلەی خوێندن ، گرنگ نیە ، بەڵکو هەرکەس ئارەزوویەکی بتەوو دڵێکی مەزن و پڕئومێدو وێستێکی قایم و سەبرو پشووی درێژی هەبێت ، بەئامانجە بەرزەکانی دەگات .
- لەبەرانگاربوونەوەی سەختی و ئاستەنگ مەترسە ، شێر بێ ترس و بەتەنیا بەرەنگار مێگەلێك حوشتر دەبێتەوە ، گلەیی لەناخۆشیەکانی ژیان مەکە، گوێدرێژ چەند باری زیاتر لەسەر پشتی دابنرێ نقەی لێوەنایەت ، لەداواکاریەکانت بێزارو نائومێد مەبە ، سەگ بەدوای نێچیر ڕادەکا ، ئەگەر بچێتە ناو ئاگریش هەرلەدوای دەبێت .

Scanned with CamScanner

- تەنیا بەڕای خۆت مەکە ، بەڵکو ڕاوێژو ڕاپرسی بکە ، چونکە دوونـەقڵ لەنـەقلێك باشـترە ، هـەروەکو گـوریس و پـەت ، چـەند ئەستورتر بکرێ پتەو و قایمتر دەبێت .
- هەموو ڕەخنەیـەك بەدژایـەتیکردن مەزانـە ، بەچاو داپۆشین لەمەبەستی ئەو سودی لێ وەربگرە ، چونکە تۆ پێویستیت بە خۆباشتر کردنە نەك ستایش و پێ هەلگۆتن .
- ئەوەی ئەو خەڵکە بناسێ ، نەبە پێدا هەلگۆتن دڵخۆش دەبـێ ، نەبەگلەییان دڵتەنگ دەبێ ، چونکە خێرا ڕازی دەبن و خێرا تورەدەبن ، بێ بنەما ، هەربەئارەزوو ڕەفتار دەکەن .
- گومانت نەبێت ، بۆگەیشتن بەئامانج ، کەمئەندامی ڕێگربێت، چەندین کوێرو کەڕو گۆج ، بەهۆی ئەفراندنەکانیانـەوە ، بەنـەمری مانەوە، چونکە ئەمە پەیوەندی بەکۆئەندامی لەش نیە ، بـەڵکو ویـست و ئیرادەیەکی قایم .
- لەوانـە نـەدانی بەخـشش بێت ، قەدەغـەی لەتۆبـەزەیی بێت نەگەیـشتن بـە مـرازو ئـاوات ، چـاودێری بێـت، چـونکە خـودای پەروەردگار لەخۆت باشتر دەزانێ .
- ئەگـەر توشـی کێشەو تـەنگو چـەلەمەیەك هاتی ، بـاش بزانـە وەکـو هـەورێکی هاوینـەو خێـرا نامێنێت ، لەبروسـکەکەی مەترسـە ، ، لەوانەیە بارانی ڕەحمەتی لەگەڵ دابێت .

Scanned with CamScanner

• هەفتەی جارێک بۆسەیران ، بۆدەرەوەی شار بڕۆن ، منداڵەکانت زیاتر پێ ئاشنا دەکا ، ژیانت تازەدەکاتەوە ، بێزاری و هەراسانی ناهێڵێ.

• ئەگەر کەسێك لەماڵی خۆی دڵشاد نەبێت ، لە هیچ شوێنێکی تر ، دڵشاد نابێت ، چونکە چاکترین شوێن بۆئارامی دەروون و ئاسودەیی دڵ و بێ ئەرکی ، تەنیا ماڵی خۆتە .

• نەمری بۆئەو کەسانەیە ، خەڵکیان فێری زانست و ڕۆشنبیری کردووە ، یاەکتێب بڵاویان کردۆتەوە ، بەڵام کورسی و دەسەڵات ، وەکو سێبەرو خەون ، خێرا نامینێ .

• ئەگەر واز لەهزرو بیرکردنەوە بهێنین ، بۆخانەی دەردو بەڵادەچیت ، تووشی خەم و خەفەت و ئازارمان دەکات ، کەواتە لێی مەگەڕێ بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکا ، بیبەستەوە ، بۆکاری چاك بەکاری بهێنە .

• ئەوەی دڵ پەرێشان و تەنگ دەکات ، زۆر تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵك دانیشتن و بیستنی قسەی بە سوود ، ئای چەند خۆشە گۆشە گیریی ، بەو مەرجەی خودا پەرستی و زانینی لەگەڵ بێت .

• ڕێگای چونە مزگەوت بەرزترین و بەنرختڕین ڕێگایە ، ڕێگای گەڕانەوە بۆماڵ ئارامی بەخشە ، وەستان لەبەردەم سوڵتان ناخۆشترین کاتە ، جوانترین شێوەی مرۆڤ کاتی کڕنووش و سوجدەیە بۆ خودای پەروەردگار .

Scanned with CamScanner

- باخچەی پڕ لەگوڵ و گوڵزار بۆدڵ ، خوان و سفرەیە بۆدەرون، بیستنی قورئان بەدەنگی خۆش ، یادکردنی خودا وەندبە دڵێکی بە ئاگا ، هەبوونی پارەی حەلال بۆخەرج کردن ، وەعزو ئامۆژگاری بە زمانێکی پاڕاو .
- خوڕەوشت و ڕەفتاری باش ، لەڕوخساری جوان و چاوی ڕەش و ڕوومەتی ناسك جوانترە ، چونکە جوانی ناوەڕۆك زۆر گرنگترە لەجوانی شێوە .
- چاکە کردن لەلێ قەومان بەدوورت دەکا ، دیواری ئەقڵ نایەلێ حەزو ئارەزووەکانت توشی کارەساتت بکا ، زەنگی ناقی کردنەوەکان لەهەزار ئامۆژگاری کار سوودبەخش ترە .
- ئەگەر هەزاران کەست دیت ، تەمەنی خۆیان لەهونەرو ڕابواردن و یاری بەفیڕۆدا ، زۆر سوپاسی خودا بکە ، چونکە بە دیتنی گرفتارو لێ قەوماو ، بیرهێنانەوەیە بۆ بێ وەی .
- ئەگەر بێ باوەڕت دیت ، لەسەر ئایینی ئیسلام ، سوپاسی خودا بکە .
- ئەگەر ستەمکارت دیت ، لەسەر تەقوا ، سوپاسی خودا بکە .
- ئەگەر نەفامت دیت ، لەسەر زانین ، سوپاسی خودا بکە .
- ئەگەر نەخۆشت دیت ، لەسەر لەش ساغیت ، سوپاسی خودا بکە.

Scanned with CamScanner

- خۆر بۆتۆ دروستکراوە ، بەڕوناکیەکەی ، خۆت خاوێن و جوان بکە .
- هەوا بۆ تۆ دروستکراوە ، بەبای شەماڵ ، دڵت خۆش بکە .
- ڕووبارەکان بۆتۆ دروستکراوە ، ئاوەسازگارەکەی بنۆشە .
- میوەجات بۆتۆ دروست کراوە ، بیخۆ ، سوودی زۆرە .
- لەسەر هەموو ئەوانە سوپاسی پەروەردگار بکە .
- هیواو ئاواتی کوێر دیتنی دنیایە ، کەڕ بیستن ، گۆڕ و شەل ڕۆیشتن ، لاڵ قسەکردن ، تۆدەبینی ، دەبیستی ، هاتو چۆو قسەش دەکەی !
- گومان نەبەی ، ژیانە لەهەموو ڕووێکەوە بۆمرۆڤ بەتەواوی بۆکەس بلوێت ، ئەوەی خانووی هەیە ئۆتۆمبێلی نیە ، ئەوەی هاوسەری هەیە ، کارو کاسبی نیە ، ئەوەی ئارەزووی خواردنی هەیە ، لەوانەیە خواردنی دەست نەکەوێت ، ئەوەی خواردنی هەیە لەوانەیە لێی قەدەغەکرابێت .
- مزگەوت ، بازاڕی دواڕۆژە ، کتێب هاوڕێی ژیانە ، کارو کردەوەی چاك سێبوری و هاوڕێیە لەگۆڕ ، خورەوشتی چاك و جوان ، تاجی شەڕەفە ، ڕێزگرتن جوانترین جلوبەرگە .
- نەکەی کتێبی خوانەناس و بێ ئاییەنەکان بخوێنیتەوە ، جۆرە پیسیەکی تێدایە ، دڵ بۆگەنی دەکات ، ژەهرەو پیاو دەکوژێت ،

Scanned with CamScanner

چلکێکە ویژدان وێران دەکات ، کەواتە چاکترین کتێب قورئانە ، ڕوحت پاك دەکاتەوە و نەخۆشیەکانت چارە سەردەکات .

- بۆ ئەوەی پەشیمان نەبیتەوە ، هەرگیز لەکاتی تورەییدا بڕیارمەدە ، چونکە مرۆڤی تورە ، ئاگای لەڕەفتارەکانی خۆی نیە ، نازانێ چی دەکات ، لێی ورد نابێتەوە .
- ئەوەی چوو بەخەم و خەفەت ناگەڕێتەوە ، ترس لەدوا ڕۆژ سوودی نیە ، دڵەڕاوکێ سەرکەوتن دابین ناکات ، بەڵکو دڵی بەهێزو خۆڕاگر و ڕەزابوون بە کردەوەی خودای پەروەردگار ، دووبارە کامەرانین .
- داوا لە خەڵك مەکە تاوەکو ڕێزیان بگری ، ڕێزت بگرن ، لۆمەی کەس مەکە، گلەیی لەخۆت بکە ، ئەگەر ویستت خەڵك ڕێزت بگرن ، ڕێزی خۆت بگرە .
- خاوەن کۆلیتەو خانوو کەلاوە ، کەزانی کۆشك و تەلار دەڕوخێ و نامێنێ ، بابەتەقسیمی خودا ڕازی بێت ، خاوەن جلی دڕاوو بە پینە ، بادڵنیاو ئارام بێت کاتێك زانی ئاوریشم دەڕزێت .
- ئەوکەسەی هەموو داواکاریەکانی دەروونی جێبەجێ بکات ، دڵی پەرشو بڵاو دەبێت، خۆی ون دەکات ، خەمی زۆر دەبێت ، چونکە ئارەزووەکانی مرۆڤ سنووری نیە ، فەرمان دەداو هەڵت دەفریوێنی .

Scanned with CamScanner

- ئەی ئەو کەسەی کوڕی مردووە ، کۆشکی (الحمد)ت لەبەهەشت بۆ دانراوە ، ئەی بێ بەش لەخۆشییەکانی ژیان ، بەشی تۆ لەبەهەشت چاوەڕێتە .
- ڕۆزیی بۆناو هێلانەی بالندە نایەت ، شێر لەلانەکەیدا خۆراکی نادرێتێ ، مێروو لەشوێنەکەیدا دانەوێلەی بۆ دابین ناکرێت ، بەڵکو هەموویان هەوڵدەدەن ، تۆش لەدوای ڕۆزییەکەتبە ، وەکو ئەو گیانلەبەرو زیندەوەرانە پەیدای بکە .
- ﴿يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ﴾ المنافقون / ٤.

واتە (هەرهاوارو بانگێك بکرێت ، هەرباسێك بێتە پێشەوە ، وادەزانن دژی ئەوانە) (ت:ئاسان)

- ئەوانە بەر لەمردن ، دەمرن ، چاوەڕێی کارەساتن ، بیرو بۆچونیان هەر مالوێرانییە، لەهەموو جوڵەو دەنگو خەیاڵێك دەترسن ، چونکە دڵیان تەنیا پڕلەهەوایە ، دەروونیان هەلاهەلایە .
- ئەگەر هەژاری ، بەکاری خودای پەروەدگار ڕزای بە ، مەڵێ خۆزگە دەوڵەمەندی دەکردم، ئەو باشتر دەزانی ، ئەگەر نەخۆش کەوتی ئارام بگرە ، تا شیفات دەدات .
- ڕەنگە دواکەوتنت لەسەفرە خێری تێدا بێت، لەوانەیە بێ هاوسەر بوون بۆتۆ باشتر بێت، بەڵکو وەرنەگیرانت لەکارێك بەرژەوەندی تۆی تێدا بێت، چونکە ئەو دەزانی، تۆ نازانی .

Scanned with CamScanner

- بەرد لەدار بەهێزترە ، ئاسن لەبەرد بەهێزترە، ئاگر لەئاسن بەهێزترە ، با لەئاگر بەهێزترە ، ئیمان و باوەڕیش لە بابە هێزترە .
- هەرکارەساتێکت تووش بێت ، وانەیەکەو لەیاد ناکرێ ، لەمێشکتدا وەکو نەقش دەچەسپێت .
- سەرکەوتن بریتیە لەچەند دڵۆپ لەچەرمەسەری و کوێرەوەری و بڕین ووشازارو هاوار و ماندووبوون ، سەرنەکەوتن بریتیە لەچەند دڵۆپ لەتەمبەڵی و تەوەزەڵی و بێ دەسەڵاتی و کەمتەر خەمی و هەوڵ نەدان .
- مرۆڤێکی سادەو ساکارو بێ ویستی بەرزە ،ئەو کەسەی تەنیا بۆ ناو بانگیەکی کاتی هەول بدا، نەك بۆ نەمری و زانست و کردەوەی چاك.
- (یابلال ، اقم الصلاة، ارحنا بها)رواه ابو داود

واتە : (ئەی بیلال، بانگ بدە ،با نوێژبکەین ، و دەروونمان بحەوێنینەوە)ئەبوداود

- چونکە نوێژ ئارامی بەخشە، ڕوبارێکە لەئاسودەیی ، شنە بایەکی سادەو فێنکە بەسەر دڵ و دەروونداو تێدەپەڕێ ، ئاگری ترس و خەم و خەفەت دەکوژێنێتەوە .
- ئەگەر بێ فەرمانی خوداو ستەمت لەکەس نەکردووە ، پیرۆزباییت لێ بیت ، مزگێنیت دەدەمێ بە کەمالی ئیسراحەت بخەوە ، دەستت خۆش بێت ، چونکە دوژمنت نیە .

Scanned with CamScanner

- ئافەرین بۆئەو کەسەی خەڵك دوعای بۆدەکەن ، هاوار بۆئەو کەسەی خەڵك دوعای لێ دەکەن ، مژدە بۆئەو کەسەی خۆشیان دەوێت، خەسارەتمەندی بۆئەو کەسەی خەڵك نەفرەتی لێ دەکەن .
- ئەگەر لەدادگای دونیا ، داد پەروەرنەبوون لەگەڵتدا ، دۆسییەکەت بۆدادگای دواڕۆژ بەرز بکەوە، لەوێدا فریشتەکان شاهێدن ، دادوەریش ، خودای بەرزو پەروەردگارە .
- ﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ﴾ البقرة/١٥٢

واتە (دەی کەواتە ، ئەی ئیمانداران، ئەگەر یادی من بکەن ، منیش یادی ئێوە دەکەم)(ت:ئاسان)

- یادی خودا ، ئەگەر تەنیا ئەوەندە سوودەی هەبوایە ، بەس بوو ، ئای لەو ئەمرییەو خۆشییەو شەرەفەگەورەیە.
- چاوت ڕوون بێت ......دەست نوێژ نیوەی ئیمانە، گوناه دەسڕێتەوە تاوان ناهێڵێت، بۆچونە خزمەت پاشای پاشایان، پاك و خاوێنت دەکاتەوە.
- ئەی نوێژ خوێن ، دەستت خۆش بێت ، نوێژ گوناه دەسڕێتەوە، دوا ڕۆژت چاك دەکات ، لەدیلی ڕزگارت دەکات ، ڕوناکی چاوە .
- ئەوەی بیەوێت ، بێ ئەوەی گلەیی لێ بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت، ڕێزی خەڵکی دەست بکەوێت بەد بەختی و چارە ڕەشی ڕووی تێ دەکات ، هەوڵدان بۆ ناوباگی و نەمری ، دوژمنی کامەرانی یە.

Scanned with CamScan

- بەختەوەری بەتەنیا بەبیردۆزو وانە دابین نابێت ، بەڵکو پێویستی بەکارو هەوڵدان هەیە ، بۆنموونە هەموو ڕۆژ بە پێ ڕۆیشتن بۆماوەی یەك کاتژمێر ، یاگەشت و سەیران یا سەفەر .
- مێشوولە زۆر خەریکی شێر دەبێت و ئازاری دەدات ، بەڵام شێرەکە گوێی پێ نادات ، ، چونکە سەری قاڵە بەمەبەستەکانی خۆی .
- دووربکەوە لەمرۆڤی ڕەشبین ، گوڵی نیشان دەدەی، دڕکەکەی دەبینێ، ئاوی خاوێنی دەدەیێ ، لەچڵکی دەگەڕێ ، تۆباسی خۆروو سوودەکانی بۆبکەی ، گلەی لەگەرمیەکەی دەکات .
- ئایە بەختەوەری ڕاستە قینەت دەوێ ، لەشوێنی دوور بەدوای مەگەڕێ ، بەڵکو لەناوەوەی خۆتە، لەشێوەی بیرکردنەوەتە ، لەئەندێشەو خەیاڵتە ، لە دڵ و مێشکی ڕوناکتە ، لەئامانجە باشەکانتە.
- بەختەوەری ، ئەو بۆنە خۆشەیە ، کاتێك لەدەوروبەری خۆت پەرش و بڵاوی دەکەیەوە ، بێگومان چەند دڵۆپێك بەرت دەکەوێت .
- کارەسات ئەوەیە ، ئێمە بێجگە لەخودای پەروەردگار ڕۆژی سەدجار زیاتر لە هەڵەکردن ، دواکەوتن ، پەلەکردن ، تورەنەبوونی فلانەکەس ، گومانی فلانەکەس .....، دەترسین .
- زۆرخەڵك باوەڕیان وایە ، ماوەی خۆشی کورتەو ماوەی خەم و خەفەت زۆرە ، کەواتەباوەڕیان بەمردنی خۆشی و شادی و نەمردنی دەردووبەڵاهەیە .

Scanned with CamScanner

• هەندێکمان وەکو ماسییەکی کوێری ناو دەریا ، وا گوومان دەبا لەنێو جامە ئاوێکە ، هەروەها ئێمەش لەنێو دەریای باوەڕو ئیمان دروست کراوین ، کەچی بەچیای ڕق و ترسِ و دوژمنایەتی و خەم ، خۆمان دەورە داوە .

• ژیان پیرۆزە ، دیاریش پێویستە بدرێتە ئەو کەسەی شایانیەتی، ئەو کەسانەی ژیان لەبەرامبەریان لەزەردەخەنەو پێکەنین دایە ، ئەوانیش ددانی لێ جیڕدەکەنەوە شایەنی ژیان نین .

• ڕاوکەرێك کۆترێکی خستە قەفەز ، کۆترەکە دەستی بەگۆرانی کرد ، پێی گۆت ، کەی ئێستا کاتی گۆرانی یە ، گوتی سەعات دوای سەعات ، گوشادی و ڕزگاربوون هەیە .

• بەزانایەکیان گوت : بۆسەردانی سوڵتان ناکەی ، بەتورەگە ، زێڕدەبەخشێ ؟، گوتی : دەترسم ئەگەر تووڕەبێ ، سەرم بڕێ و بخاتە یەکێك لەم تورەگانە و بۆخێزانەکەم ڕەوان بکاتەوە .

• بۆ وەڕینی سەگ دەبیسی ، گوێت لە گمە گمی کۆتر نی یە ؟،

• بۆجوانی تریفەی مانگ و ئەستێرەکان نابینی ، تاریکی شەو دەبینی ؟

• بۆ گڵەیی لەپێوەدانی هەنگ دەکەی ، هەنگوینی بەتام و شیرین لەیاد دەکەی ؟

• باوکە ئادەم ، ئەو کاتەی پەشیمان بوویەوە ، خودای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵی بژارد ، لەپشتی ئەو پێغەمبەران

Scanned with CamScanner

و شەهیدان و پیاو چاکان و زانایانی پەیدا کرد ، کەواتە پاش نەم گوناهە بەرز و مەزن کرا نەك لە پێش گوناە !

- کەلافاو هەڵسا ، حەزرەتی نوح (د.خ) هاواری کرد (یارحمن یامنان)، یەکسەر خودای پەروەردگار ، لەچاو تروکانێك فریای کەوت ، بێ باوەڕانیش خنکان و تێك شکان .
- حەزرەتی یونس (د.خ) لەسێ تاریکایی و لەقوڵایی دەریا ، نامەیەکی دا نپێنان بەتاوان و کەمتەرخەمی خۆی ، بەپەلە بۆپەروەردگار نارد ، چونکە بەڕاستی بوو ، بروسك ئاسا فریای کەوت.
- بۆیە حەزرەتی داود (د.خ) ڕەنگی جلی تۆبەی سپیە، چونکە قوماشەکە لەسوجدەگا چنراوە ، بەیانی زوو بە فرمێسکی تۆبە شوراوە.
- ئەگەر خەمەکانت زۆربوون ، توشی ناخۆشی و تەنگو چەڵەمەو هەروەها نائومێدیش ڕووی تێکردی، چاوەڕێی دەربازبوون بکە .
- ئەگەردەتەوێ ، پەروەردگار لەخەمی بچوك وگەورە ڕزگارت بکا ، ئومێد و هیوات لەهەموو کەس ببڕە، تەنیا ڕوو لە خودا بکە و پشتی پێ ببەستە .
- دەروونت وەکو ڕەنگی شلەی ناو ئەو جامەی تێیدایە دەبێت ، ئەگەر ڕەزابوونی تێیدابێت ، کامەرانی و خۆشی و جوانی دەبینرێت ،

Scanned with CamScanner

بەپێچەوانەش ئەگەر دڵتەنگی و نائومێدی تێدا بێت ، ئەوا ناشیرین و نێسک گران و ڕەزا قورس دەبینرێت .

- ئەگەر گوێڕایەڵی خودای پەروەردگار بکەیت و بەهەبوون و نەبوون لێی ڕازی بیت ، دەگەیتە هیواو ئامانج و ئومێدەکانت.
- هەر کەسێك لەناودڵیدا، ڕەزێك لەباوەڕو یاد کردن ، لەناو مێشکیدا باخێك لەزانست و تاقی کردنەوەی ڕۆژگار هەبێت باخەم بۆدونیا نەخوات .
- ئەوەی دەست لە کامەرانی هەڵبگرێ تاکوڕەکەی دێتەوە ، یاخانوو دروست دەکا ، یاکارو کاسبیەکی چاکی دەست دەکەوێت ، توشی زیندە خەون و بە تراویلکە و خەیاڵ هەڵخەڵەتاوە .
- بەختەوەری : بریتیە لە گوێ پێ نەدان ، لەچاوەڕوانی ڕووداو واز هێنان ، لەترس فرێ دان .
- بزە خەنە : جوان و پیرۆزە ، سەرەتایی دۆستایەتیە، خۆشەویستیە ، نیشانەی برایەتیە ، نامەیەکی بەپەلەی ئاشتی یە ، چاکەیەکی لای خوداو وەرگیراوە ، چونکە نیشانەی ڕەزابوونە .
- لەپشێوی و ئاڵۆزی و شپرزەیی و پەرێشانی دوور بکەوە ، هۆیەکانی، واز هێنان لەڕێکو پێکی و پەیڕەو ڕێبازو نیزام ، چارە سەر ، مرۆڤ خشتەیەکی باش بۆخۆی دابنێ .
- ئەگەر کارەساتێکت بەسەر هات ، بە تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێك بەسەری دا ، دڵخۆش بە ، چونکە بەرە بەرە لەسەرت سوکتر دەبێت و

Scanned with CamScan

تەمەنی کورت دەبێتەوە ، لەبەر ئەوەی کارەسات وەکو مرۆڤ تەمەنی هەیەو لێی تێنا پەڕێ .

- بۆ داواکارییەکانی دونیات ، پێویستە سنوورێك هەبێت ، بۆ نمونە ، خانوو، کاری گونجاو ، ئۆتۆمبێل ، بەڵام ئەگەر دەروونت بەرەڵا بکەی ، ئەوا لەناوت دەبات .
- ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي كَبَدٍ﴾ البلد / ٤

واتە : (بەڕاستی ئێمە ، ئینسا نمان دروست کردووە ، بەردەوام لەناڕەحەتی و سەغڵەتی و کێشەو ناخۆشیدایە)(ت: ئاسان)

- بۆ مرۆڤ بنچینەیەکی نەگۆڕە ، بەردەوام لە کێشەو چەرمەسەری ناخۆشی دادەبێت ، دەبا ئەمە چاك بزانی ، بەم شێوەیە لەژیاندا هەڵسوکەوت بکا .
- ئەو کەسەی شەوو ڕۆژ خەریکی ڕاوو یاری و ڕابواردنت بێت ، وادەزانی خۆی کامەران دەکات ، ئەی نازانی دەبێ نرخەکەی بدات ، کە خەم و ناخۆشی یە ، چونکە نەی زانی تەرازوویەکی لەنگەر لە نێوان ئەرك و فەرمان لەگەڵ رابواردن دابنێت .
- لە ژیانتدا بیکە بنچینە ، هەرچی زیادە هاتە پێش چاوت ، هەتا نەو پارچە کاغەزەی لە گیرفانت دایە ، لەسەر مێزە ، ..... فڕێی بدە چونکە هەرچی لە پێویستی زیاتر بێت زیان بەخشە .

Scanned with CamScanner

- هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) لەهەموو کەس کامەرانتر بوون ، چونکە زۆر گرنگییان بە خەتەرە بەدڵداهاتن و شتی سادەو ساکار و پڕو پوچ نەدەدا، بەڵکو خەریکی بنچینەو بەها گرنگەکان بوون .
- لەبەرەوەی ئایین بێ فیقە ، نوێژ بێ ملکەچی ، قورئان خوێندنەوە بەبێ ئاگایی ، سودی نیە ، کەواتە پێوستە بەتەرکیزو ئاگاداربوونی دڵ خودا پەرستی بکەی .
- ﴿وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ﴾ النور/٢٦

واتە : (ئافرەتانی پاك بۆ پیاوانی پاك)(ت: ئاسان)

- چاکی لە قسە لەکارو کردەوە ، لەخوڕەوشت ، لەهاوسەر ، بۆئەوەی شادمانی دروست بێت .
- ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ﴾ آل عمران/١٣٤

واتە : ڕق و قینە خۆیان دەخۆنەوە خۆگرن)(ت:ئاسان)

- بەدەر نەبڕینی قین و تووڕەیی لەکاتی جنێودان و ئازاردانی ، هەروەها وازهێنان لەتۆڵەسەندنەوە ، خودا ئاگاداڕە .
- ﴿وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ﴾ آل عمران/١٣٤

واتە : (لەخەڵکی خۆش دەبن و لێبووردەن)(ت:ئاسان)

- ئەو کەسانەی لەجیاتی تۆڵە ، لێخۆشبوون و لێبووردەیان هەیە ، بەرامبەر ئازاردەرانیان ، گەردنیان ئازاد دەکەن .
- ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ آل عمران/١٣٣

Scanned with CamScanner

- واتە : (خوای میهرەبانیش چاکە کارو چاکە خوازانی خۆش دەوێت) (ت: ئاسان)
- خودای پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆش دەوێت ، لەستەمکار دەبوورن، چاکەشیان لەگەڵ دەکەن بە پارە ، بەبەخشش ، ئەمەش بەرزترین پلەیە .
- کاغەزێك بێنە ، ئەو کاتانەی تێدا تۆماربکە ، کەی دڵت خۆش و کامەران دەبێت ، ئایە دوای گفتوگۆ لەگەڵ کەسێك ، یاچونت بۆ شوێنێك ، یادوای ئەنجامدانی کارێك ، دوای هەفتەیەك دەبینی لیستەیەکت لەو کارو کردەوانەی دڵشادت دەکا هەیە .
- هەرچی دڵخۆش و شادمانت دەکا بیکە ، دووربکەوە لەوانەی خەمبارو دڵتەنگت دەکا ، بابڕیاری هەوڵدانت بۆگەیشتن بە بەختەوەری تاقی کردنەوەیەکی خۆش بێت .
- مادام ڕێگای ڕاستت گرتووە، گرنگی بەڕەخنەمەدە ، چونکە ئەگەر گومان و دڵەڕاوکێت لەتاوان و گوناە ،هەبوو ، بەختەوەری ڕادەکا .
- چاکەو خزمەتی خەڵك بکە ، بەتەنیاو گۆشە گیر دامە نیشە ، چونکە تەنیایی سەرچاوەی بەد بەختیە ، کاتێك تێکەڵاوی کەسو کارو خەڵك دەبیت ، هەرچی خەم و بێنەوایی و دڵە ڕاوکێ هەیە نامێنێ ، بۆیە پزیشکان ، بۆچارەسەری نەخۆشی خەمۆکی دووهەفتە خزمەتکردنی خەڵکییان وەك چارە سەر داناوە .

Scanned with CamScanner

- بەردەوام ، بێ وەستان ، خۆت خەریکی ئیش و کاربکە . هەوڵیش بدە هەموو توانات بەکار بیهێنی ، ئەگەر خۆت خەریکی کاری چاك کرد ، ئەوە دڵشاد دەبێت ، چونکە تەمبەڵی و دانیشتن ، خەم و خەفەت زۆر دەکات .
- بەر بەرەکانی پەرێشانی و تێکشکان بکە ، ئەگەر لەشتێك بێزارو وەڕس بووی ، هەڵسەبەئەنجامدانی کارێك ، وەکو ئەو وەرزشەی جاران لات خۆش بوو ، یا گەشتێك لەگەڵ هاوڕێ یانت ئەنجام بدە .
- بەتەواو کردنی کارو فرمانێك ، هەناسە ساردو نائومێد مەبە ، دەبێ بزانی کاری پیاوی مەزن بەردەوامەو هەرگیز تەواو بوونی نیە ، کەسانێك هەنە ، وادەزانن ئەگەر هەموو کارەکەیان نەکرد ، لەخۆیان ڕازی نابن و دڵشاد نابن ، بەر پرس دەتوانی ئەو کارەی پێ سپێرراوە ، بەبێ کەم و کوڕی ئەنجامی بدات . هەست بەکامەرانیش بکات ، مادام درێغی تێدا نەکردووە .
- ڕکابەری لەگەڵ کەس مەکە ، بەڕەقی ڕەفتار لەگەڵ خۆت مەکە بەتایبەتی کاتێك پێشبڕکێ لەسەر ماڵی دونیا دەکەن ، مەرجی بردنەوەی سامانەکە ، بکەیتە بنچینە ی بەختەوەری .
- هەست و داخوازیەکانت کپ مەکە ، بەڵکو دەریبخە ، چونکە دڵە ڕاوکێ درووست دەکات ، بە شێوەیەك دەریببڕە ، تاپاڵەپەستۆکەی لەسەرت نەمینێت ، ئەگەر وانەکەیت کامەران نابیت .
- ﴿وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ الانعام/١٦٤

Scanned with CamScan

وتـە : (هـیچ کەسێك بـاری گرانـی تـاوانی کەسـی تـر هـەڵناگرێت)
(ت: ناسان)

- ئەگـەر یـەکێك گونـاهو تـاوانێکی کـرد ، خـۆی بـەر پرسـیارە ، تۆخەمبار مەبـە ، گونـاهی خـۆی لکێنێستۆی خۆیـەتی ، چونکە سۆزو بەزەیی و هاوکاریش سنووری خۆی هەیە .
- خێرا بڕیارەکانت بدە ، ئەو کەسـەی بڕیارەکـانی دوا دەخـا، بـە کاتژمێرو ڕۆژو مانگ لەکاتی شادمانی خـۆی دەبـڕی ، بـش زانـە مـەرج نیە دوا بڕیاردان ، چاککردن یاپاشگەزبوونەوەی تێدانەبێت
- ڕێـزی خـۆت بگـرە ، ئەگـەر وێـستت هـەرکارێك بکـەی ، بیرلەپەندی (بەزەیی خودا بڕژێ بەسـەر ئـەو کەسـەی خـۆی دەناسـی) بکەوە ، بۆنموونە ئەگەرتەمـەنت پـەنجا سالە وێستت وەرزش بکـەی ، تۆپێن مەکە ، بەڵکو مەلە یـا تـەنس یـا بـەپێ هاتو چۆبکە ، هـەروەها پەرە بە ئارەزووەکانت بدە .
- خـۆت بناسـە ، چـونکە ئەوانـەی بـەردەوام بـەدوای ژیـان کـەوتوون، بـێ ئـەوەی دەرفـەتێك وەرگـرن بۆتەمەشـاکردنی خۆیـان ، کەواتە نەفامییە ، ئەو کەسەی خۆی نەناسێت و توانای خۆی نەزانێ .
- لـەکارو فرمـان مامناوەنـدی بـە ، یۆنانیـەکان باوەڕیـان وابـوو ، ئەگـەر کاتی پـشو و سـرەوتن و سانەوە لـەمرۆڤ بـسەندرێ ، مـافی پـێ شێل کراوە .
- کـاری گـەورەو ئاناسـایی بکـە ، چـونکە بەدەسـتهێنانی ژیـانی خـۆش ، پەیوەستە بـە خـۆتێ خزانـە نـاو کـارو کـردەوەی مـەزن و بـە

Scanned with CamScanner

مەترسی ، بۆنمونە بۆفێربونی مەلەوانی ، پێویستە مرۆڤ بەرەنگاری خنکان بێتەوە .

- هەموو قوفلێك دەكرێتەوە ، كۆت و زنجیر دەپسێت ، دوور خراوە دێتەوە بەڵام لەكات و ساتی خۆی .

- ﴿اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ﴾ البقرة/١٥٣

واتە : (داوای كۆمەك و یارمەتی لەخوابكەن ، بەهۆی ئارام گرتن و نوێژ كردنەوە) (ت: ئاسان)

مژدەبدە بەئەو كەسەی بەردەوامە لەسەر نوێژو خاوەن سەبرو ئارامە، بەسەر كەوتن و پاشەڕۆژێكی باش .

- بەقامچی و ڕاكێشان لێدان و دەركردن ، بیلال ئەشكەنجە درا ، بەڵام هەر دەیگوت (ئەحەد، ئەحەد) چونكە (قلْ هواللە أحد) ی ئەزبەر كردبوو ، كاتێك دەچێتە بەهەشت ، پاداشتێكی گەورەی دەدەنەوە ، لەبەهەشتیش ئەوەی بۆ خودای كردووە بەكەمی دەزانێ و بەهیوای زۆر تربووە .

- دونیا چی یە ؟ ئایە ئەو جلە جوان و گران بەهایانەیە، خزمەتیان دە كەی ، خزمەتت ناكەن ، یا ئەو هاوسەرە جوانەیە ، بە خۆشویستنی دڵ ئازار دەچێژی ، یاپارەو سامانە ، ئەگەر زۆر بوو ، دەبیت بەگەنجینەوان و پاسەوانی..........ئەگەر ئەمە خۆشیەكانی دونیا بێت ، دەبێ ناخۆشییەكانی چۆن بێت.

- هەولی ڕۆشنبیرو بیریارو پیاوی تێگەیشتوو ، گەیشتنە بۆبەختەوەری ، بەهۆی پارە یان زانست یابەدەسەڵات یابەشانو شكۆ ،

Scanned with CamScan

بەڵام ئیماندار تائەو ڕۆژەی بەخزمەت خوای پەروەردگار دەگات لەهەموویان بەختەوەرترە .

- لەبنچینەکانی کامەرانی، نەبوونی گومان و ڕق و قینە و ڕەخنەو دوودڵی و ئارەزووبازی لەدڵی مرۆڤ.
- ناقڵترین کەس ، ئەو کەسەیە ، بەباشترین شێوە ، بیانوو بۆ قسە و ڕەفتاری خەڵك بدۆزیتەوە ، بەخۆی و خەڵکی دەحەسێنەوە .
- ﴿فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ﴾ الاعرف/١٤٤

واتە: (جا هەرچیەکم پێبەخشیووێت بە توندو تۆڵی بیگرەو پەیڕەوی بکەو ڕای بگەیەنەو هەمیشە و بەردەوام لەسوپاسگوزاران بە) (ت: ئاسان)

- ڕازی بە ، قەناعەتت هەبێت ، بەهەموو هێزو توانات کاربکە و سوودت بۆ دەوروبەرت هەبێت ، سوپاسی خوداش بکە .
- بارۆژگارت، سەرتاپای هەر خوێندنەوە، یابیرکردنەوە، یانوسین یا ئەزبەرکردنی وانە نەبێت، بەڵکو لەهەر کارێك، کەمێك، بۆچاڵاکی خۆت ئەو ها باشترە.
- نوێژ کاتەکانت ڕێك دەخا، دەتۆش لەدوای هەر نوێژێك کارێکی بەسوود بکە.
- هەرچی خودا بۆ مرۆڤی داناوە ، چاکە ، چونکە ئەو باشتر دەزانی ، هەروەها لەدایکی خۆی بەبەزەیی تر ە ، کەواتە واباشە بۆبەندە ، بەکاری خودا ڕازی بێت ، خۆی سپاردەی خودا بکا .

Scanned with CamScanner

- مرۆڤ بەهۆی بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی ، نازانێ لەدواتر چ هەیە ، تەنیا پێش چاوی خۆی دەبینی ، لەدوای ناخۆشی خۆشی دێت .
- باوکە ئادەم (د.خ)، لەدارەکەی خواردو بێ فەرمانی پەروەردگاری کرد ، خوداش لە بەهەشت هێنایە خوارەوە ، ئێمە بەڕوالەت وادەزانین ، خراپی کرد، بۆیە توشی کێشەبوو ، بەڵام دواتر بوە خێروبەرەکەت ، خودا لێی خۆشبوو هەڵیبژاردو کردیە پێغەمبەر ، لەپشتی ئەو ، پێغەمبەران و زاناو شەهیدو پیاو چاك و خودا پەرست پەیدابوون ، پاکی و بێ گەردی بۆئەو خودایەی لەنێوان ئایەتی (أسكن انت وزوجك الجنه، وكلا منها رغداً)(البقره:٥٣) واتە (خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتە دا ژیان بەرنەسەر و نیشتە جێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن ، بخۆن و بخۆنەوە بە تێرو تەسەڵی)(ت:ئاسان)
- ﴿ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى﴾ (طه:٢٢)

واتە : (پاشان پەروەردگاری هەڵی بژاردو – کردی بەپێغەمبەر- تەو بەی لێ وەرگرت و هیدایەت و رێنموویی کرد) (ت : ئاسان)

- بەکەم جار وەکو خەڵك تەنیا خواردن و خواردنەوە و نیشتە جێ بوونە ، ئەوانە هیچ هیواو ئاواتێکیان نیە ، بەڵام دوای هەڵبژاردنی بە پێغەمبەرو هیدایەت ، پلەو پایەکی بەرزو مەزن و شەرەفێکی گەورەی پێ بەخشرا.
- ئەمەش حەزرەتی داود(د.خ)، هەڵەی کرد، دەستبەجێ گریاو تۆبەی کرد ، پەشیمان بوویەوە ، چونکە بەندەیەکی ملکەچ و گوێ

Scanned with CamScanner

ڕایەڵ بوو ، پەروەردگاربەگەورەترین چاکە پاداشتی دایەوە ، لەشێخی ئیسلام (ئیبن تەیمیە) یان پرسی ، ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر دەفەرمووێ (عجباً للمؤمن لا یقضی لە شیئاً الاکان خیراً لە) رواە ئەحمەد واتە (سەر سوڕمان بۆمرۆڤی ئیماندار ، هەرچی خودای پەروەردگار لە قەزاو قەدەر بۆی نوسیبی بەو مەرجەی تۆبەو پەشیمانی و ملکەچی لەگەڵ بێت ، کەواتە بەڕواڵەت گوناە دانان بۆبەندە خراپ و نەبیستراوە ، بەڵام لەناوەڕۆکدا بیستراوە و باشە .

- هەڵبژاردن و بڕیاری خودای پەروەردگار بۆچۆنیەتی ژیانی پێغەمبەر ، بەباشی بۆ ئیسلام گەڕایەوە ، ئەو کوێرەوەریو دەردەسەریانەی تووشی بوو ، بۆ موسلمانان سوودی هەبوو ، بۆنمونە بە درۆخستنەوە و شەڕ لەگەڵ کردنی گەڵەکەی ، بوە هۆی دانانی بازاڕی جیهاد و تێکۆشان ، ئینجا خودا پشتیوانی موسلمانانی کرد ، لەم شەڕانەشدا ، خودا پێغەمبەری بەسەر خست ، شەهیدی لێ کەوتەوە کە میراتگری بەهەشتن ، ، کاتێك پێغەمبەریان لەشاری مەکە دەرکرد ، بەڕواڵەت شتێکی ناڕەوایە ، بەڵام لەناوەخنیدا خێرو خۆشی یە ، چونکە بەو کۆچەی ، دەوڵەتی ئسیلام بنیات نرا ، بەباوەڕو بێ باوەڕ لەیەکتری جیاکرانەوە ، ڕاستگۆ لەدرۆزن جیاکرایەوە .
- بەدۆڕاندنی لەشەڕی (ئوحد)بەڕواڵەت وادیارە ناپەسندە ، ناخۆشە ، بەڵام لە حیکمەتەکانی یەکەم ، موسلمانان هەندێکیان لە خۆبایی بوونیان بۆپەیدابوو لەشەڕی بەدر ، باوەڕیان زیاد لە

Scanned with CamScanner

پێویستی خۆیان هەبوو پشتیان تەنیا بە خۆیان دەبەست ، لەبەر ئەمانە، خودای پەروەردگار تاقی کردنەوە بە شەهید بوونی گەورەی شەهیدان(ئیمامی هەمزەی) و بالۆێزی ئیسلام (موسعەب)و (عەبدولای کوڕی عەمر) باوکی جابیر ، ئەوەی خودا قسەی بۆکردووە ، هەروەها کەسانی تریش .

- لەم شەڕەدا دووڕوەکان ناسران ، نهێنیەکانیان ئاشکرابوو ، بەم شێوەیە هەرچی بەسەر پێغەمبەر هاتووە ، تۆ وابۆی بڕوانە بە ڕوالەت خراپە بەلاّم دواتر بۆ موسلمانان دەبێتە خێرو خۆشی .
- ئەوەی هەڵبژاردنەکانی خودای بە چاك بزانی ، کارەسات و دەردەسەری و ناخۆشی کاریگەری سوك و ئاسان دەبێت ، چاوەڕێی بەزەیی و بەخششی لێ دەکا ، ناڕەزایی دەرنابڕێ، ڕەخنە ناگرێ بۆلە بۆڵ ووڕتە ورتی ناکا ، سەبر دەگرێ ، تاهەوری تەنگو چەلەمەکە دەڕوا ، ئەو کاتە خەم و بێزاری نامێنێت ، خۆی سپاردەی خودا دەکا و سوپاسیشی دەکا .
- حەزرەتی نوح (د.خ) ، نۆسەدو پەنجا ساڵ لە پێناو بانگەواز ئازار درا ، سەبری گرت و سپاردەی خودای دەکرد ، بەشەو ڕۆژ بە نهێنی و ئاشکرا بەردەوام بوو بەبلاوکردنەوەی خواناسی، تا ئەو ڕادەی خودا دوژمنەکانی خنکاند و ڕزگاری کرد .
- حەزرەتی ئیبراهیم (د.خ)، خستیانە ناو ئاگر بەلاّم خودای میهرەبان ئاگری ساردو سەلامەت کرد ، لەنەمرود ڕزگاری کرد ،

Scanned with CamScanner

لەدەست فێڵ و تەڵەکەی میلەتەکەی خۆی دەرازی کردو بەسەری خست ، ئایینەکەشی بە نەمری بۆ هەتا هەتایە دەهێڵێتەوە .

- حەزرەتی موسا (د.خ)، بۆئازاردانی لەلایەن فیرعەونەوە بەردەوام توشی ، ئازارو فێڵ و بۆسەو ڕاوە دوونان بوو ، بەڵام خودای مەزن ، بەدار عەسایەکەی فێڵ و جادووی بەتاڵ کردەوە ، دەریای بۆ شەق کرد و پەڕی یەوە ، سەرەنجام دوژمنانی سەر شۆڕ کرد و خنکاندن .
- حەزرەتی عیسا (د.خ) لەلایەن بەنی ئیسرائیلەوە ، دژ بە ئابڕووی خۆی و دایکی ، دژ بە پەیامە پیرۆزەکەی ، جەنگیان لەگەڵ کرد ، وبستیان بیکوژن ، بەڵام خودای باڵا دەست بۆ لای خۆی بەرزی کردەوە ، سەری دەخاو دووژمنانیشی پەشیمان و زەرەر مەند دەبن .
- حەزرەتی موحومەد(د.خ) لەلایەن بێ باوەڕان و جولەکە و نەسرانیەکان توند ئازار درا ، بەدرۆخستنەوە ، بەربەرەکانی ، بەر هەڵستی ، گاڵتە ، تەوانج ، جنێو، بەشێت زانین . بەسیحر بازوو جادووکار ناوبردنی ، درۆهەڵبەستن ، دەرکردن، شەڕلەگەڵ کردنی ، کوژرانی یاوەرانی ، ئەشکەنجەدانی هاوەڵانی ، گومان بردن لەدایکی موسڵمان ، حەزرەتی عائیشەی خێزانی ، جۆرەها دەردەسەری و لێ قەومان و هەڕەشەو گەف لێ کردن ، برسی دەکرێت ، ئابلوقەی لەسەر دادەنرێت ، بریندار دەکرێ ، ددانی دەشکێ ، لەکاتێکی زۆر پێویست مامی (ئەبووتالیب) و حەزرەتی (خەدیجە) ی هاوسەرو پشتیوانی دەمرێ ، لەشەڕی (ئوحد) دەدۆڕێنێ (هەمزە)ی مامی پارە پارە

Scanned with CamScanner

دەکرێت، چەندین جار هەولی تیرۆرکردنی دەدرێ ، لە بەر برسیەتی بەرد لە سکی دەبستی، هەندێ جار نانی جۆ و خورمای خراپیشی دەست نەدەکەوت، ناخۆشی زۆر چێشت ، لەگەل هاوەلانی چەندین جار تووشی کارەساتی جەرگبر بوون، بە جۆرێك دڵیان دەگەیشتە دەمیان، مەبەستەکانی دەشێوێندرا ، بەستەمکار ناوزەند دەکرا ، بەلووتبەرز تاوانبار دەکرا ، عارەبی بیابان بێ رێزیان بەرامبەری دەنواند ، دەوڵەمەندان بەرامبەری لوتبەرزییان دەنواند ، ڕق و قینی جولەکە ، فیڵ و تەڵەکەی دووڕووان ، بێ پەلەکردنی وەڵامدانەوەی خەڵك بۆبانگەواز ، بەڵام سەرکەوتن و سەرفرازی سەرەنجام هەر بۆئەوە ، خودای مەزن پشتی پێغەمبەرەکەی دەگرێت ، ئایینەکەی سەر دەخا ، هەموو گرۆهو تاخم و دوژمنانی ، سەر شۆڕو ژێر دەخا ، چونکە خودا فەرمانی خۆی جێبەجێ دەکا ،بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن.

- ئەبوبکر لەپێناو ئایینەکەی ، تووشی تونددو تیژی و دەردەسەری و ڕێگای سەخت دەبێت ، مالێ و سامان و پلەو پایە و هەرچی هەیە لە پێناو خودای پەروەردگار دەبەخشی ، ئینجا نازناوی (الصديق) ی پێ بەخشرا .
- عومەری کوڕی خەتاب ، دوای ژیانێکی پڕ لەهەوڵ و تێکۆشان و جیهادو قوربانی و دونیا نەویستی و بەرپاکردنی عەدالەت لەسەر زەوی ، ئینجا لەمیحراب و لە کاتی نوێژ کوژراو لە خوێنی خۆی گەوزێندرا .

Scanned with CamScanner

- عوسمانی کوڕی عەفان ، لەکاتی قورئان خوێندنەوە شەهید کرا ، روحەکەی بووە قوربانی باوەڕو پەیامەکەی .
- عەلی کوڕی ئەبوتالیب ، دوای ئەو هەموو هەڵوێستە بەرزانەی لەقوربانی دان و خۆبەختکردن و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ، ئینجا، لەناو مزگەوت ، لەکاتی نوێژ تیرۆرو شەهید کرا .
- حوسێنی کوڕی عەلی ، بەشمشێری ستەمکاری و ناپاکی شەهید دەکرێت .
- سەعیدی کوڕی جوبەیر زانای خودا ناس ، بەدەستی حەجاج شەهید دەکرێت .
- ئیبن زوبەیر ، لەناو حەرەم بەدەستی جاجی کوڕی یوسف شەهید دەکرێت
- ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ، بەند دەکرێت ، جەلدەی لێ دەدەن ، ئینجا دەبێتە ئیمامی پەیڕەوانی سونەت و جەماعەت .
- واسیقی کوڕی ئیمام ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی لەسەر ڕاست بێژی دەکوژرێت .
- شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە ، بەندی دەکەن ، لەکەسوکاری و هاوڕێ و کتێبەکانی دوور دەخرێتەوە ، بەڵام خودای پەروەردگار ناوبانگی بەهەموو دونیا بڵاو کردەوە .
- ئیمام ئەبو حەنیفە لەلایەن ئەبو جەعفەری مەنسوور تووشی جەڵدە لێدان بوو .

Scanned with CamScanner

- زانای خوداناس سەعیدی کوڕی موسەیب ، لەسەر دەستی میری شاری مەدینە ، جەڵدەی لێ دەدرێت .
- ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس ، کە بەئیمامی شاری مەدینە بەناوبانگە لەلایەن والی مەدینە تووشی جەڵدە لێدان هات .
- ئەگەر هەربەردەوام لەژماردنی ئەوانەی تووشی دوورخستنەوەو بەند کردن و جەڵدەکراو کوژراوو ئەشکەنجەدراو بم ، زۆر درێژەی دەکێشی ، ئەوەندەی باسم کردن بەسە.

Scanned with CamScanner